# مانیفێست

## سەربەخۆیی کوردستان



# Manifesto

دەستوور، بەرنامە و پێڕەوی
بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی
کوردستان

مانیفێست، سەربەخۆیی کوردستان
دەستوور، بەرنامە و پێڕەوی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

# مانیفێست،

# سەربەخۆیی کوردستان

## دەستوور، بەرنامە و پێڕەوی

## بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## BSK

**ناسنامە:**

مانیفێست، سەربەخۆیی کوردستان

"پێڕەو و پرۆگرامی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان"

**دیزاین و ڕێکخستن:**

ناوەندی ڕاگەیاندنی کوردناسیۆن

www.kurdnation.com

**بەرهەمی:**

ناوەندی چاپەمەنیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

kurdnational@gmail.com

**چاپ و بڵاوکردنەوە:**

کوردناسیۆن – ٢٠١٩

## پێشەکی

سەدان ساڵە خاکی کوردستان لە لایەن وڵاتانی زلهێز و داگیرکەر و چوار ئیستعمارگەری ، ئێران، سووریە،عێراق، تورکیە وە داگیر و دابەش کراوە.

یەکەم جار لە ساڵی ١٥١٤ی زایینیدا و لە کاتی شەڕی چاڵدێران کە لە نێوان دوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی دا ڕوویدا، کوردستان دابەش کرا و ئەو دابەشکردنەش ساڵی ١٦٣٩ی زایینی لە پەیماننامەیەک دا بە ناوی زەهاو بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا و چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

جارێکی تر و پاش شەڕی یەکەمی جیهانی خاک و نەتەوەی کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتی داگیرکەری تورکیە، ئێران، عێڕاق و سووریە دا دابەش کرایەوە و لەو کاتەوە تا ئێستا کوردستان بۆتە موستەعمەرە و بە بەردەوامی هەوڵ بۆ سڕینەوە و لە ناو بردنی دراوە.

لەو نێوە دا نەتەوەی کورد بەردەوام بە شۆڕش و خەبات دژ بە داگیرکەران وەستاوەتەوە و لەو پێوەندییە دا دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، سەیدڕەزای دێرسیم، سمایل ئاغای سمکۆ، شۆڕشی داودخانی کەلهوڕ، بی بی مریەمی بەختیاری، سەردار ئەسعەد خان و مریەمی قەڵاوەند، شۆڕشی ئارارات ، شێخ مەحموودی بەرزنجی،

کۆماری کوردستان لە مەهاباد، شۆڕشی بارزان و ئەیلوول، شۆڕشی مەلا خەلیل و دەیان شۆڕشی دیکە بکەین.

ئاوڕدانەوە لەو واقع و مێژووە سەلمێنەری ئەوەیە کە وزەی هەرە سەرەکیی زیندوو هێشتنەوە و بەردەوامیی شۆڕشی کورد، سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکان و بگرە هەڵەی زەمەنی، فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە کە زیاتر لە سەدان ساڵە هەروا شۆڕشی لە سەر پێ و زیندوو ڕاگرتووە.

لێ سەرەرای ئەو هەموو قوربانی و تێچووە و دەستکەوتی بەرچاوی بزاڤی ڕەوای کورد، نابێ لە پیلانگێڕیی داگیرکەران بە تایبەتی پیلانی شوومی چەندین ڕەهەندەی ترسناکترین داگیرکەر و دڕندەی ڕژیمی ئێران لە مەڕ سڕینەوە و ئاسیمیلە کردنی زمان، ناسنامە، فەرهەنگ، مێژوو و شوناسی نەتەوەیی نەتەوەی کورد غافڵ بین ، ئێستا زمانی کوردی هەڕەشەی لە سەرە و ڕژیمی داگیرکەر دەیهەوێ لە ڕێگەی ڕۆژنامە، تەلەفیزیون و دەزگاکانی پڕوپاگەندای خۆیەوە پڕش و بڵاوی و شێوان دروست بکا و وەک چۆن خەریکی گۆڕینی دێمۆگرافی و جوغڕافیای کوردستانە ، بەم شێوەیە لە هەوڵی گۆڕینی زمانی کوردی دایە، داگیرکەران لەوە تێگەیشتوون کە زمان ناسنامەی گەلە و گەلێک زیندوویە کە زمانەکەی زیندوو بێ، هەر بۆیە دەیانهەوێ بە لە ناو بردنی زمان و کلتووری نەتەوەی کورد، بوون و مەوجوودیەتی بسڕنەوە.

دوژمنانی دڕندە و مێژوویی گەلی کورد بە هەموو توانایانەوە لە وزەی سەرەکی و پاڵنەر و بزوێنەری فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئێمە تێگەیشتوون و جیا لە هێرش و پیلانگێڕی دژی ئەو فەلسەفە کاریگەرە لە ژێر ناوی عێراقی، ئێرانی، سووریەیی، تورکیەیی، هەوڵی سڕینەوەی شوناس و هۆویەتی کورد و کوردستانی بوونی تاکی کوردیان داوە و بە تێچووی بێ ئەژماری ئابووری لە هەوڵی دزین و بەتاڵان بردنی مێژوو و شارستانیەتی ئێمە دابوون و بە ناوی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و جوغرافیای نەتەوەی کورد و باقی نەتەوە غەیرە فارسەکان مێژوو و جوغرافیا و نەتەوەیان بۆخۆیان دروست کردووە و بەم چەشنە نەتەوە سازییان کردووە.

بە مەبەستی داگیرکاری و لە ناو بردن، کورد و باقی نەتەوەکان خراونەتە ناو جوغرافیایەکی دەستکرد و جەعلی بە ناوی ئێران و بە دروستکردنی وەها جوغرافیایەک هەوڵیان داوە کورد و هەموو نەتەوەکان بە ناوی یەک نەتەوە و لە ژێر یەک زمان و یەک ئاڵا و یەک خاک لە قەڵەم بدەن .

ئەوەش سیاسەتێکی سەردەمی ڕەزا شا بووە بە دژی نەتەوەکانی کورد، بەلووچ، عەڕەبی ئەحواز، تورکی ئازەری، کاسپیەن و مازەنی،گیلەک و ... تاکوو هەر هەموویان وەک ئێرانی ناودێر بکەن بۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی داگیرکەر .

شۆڤێنیسمی فارس و پان ئێرانیسم، لە ڕێگەی توند و تیژی و زەبر و زەنگی بێڕەحمانە و  لە ژێر ناوی ئێرانی بوون دا هەوڵی داوە، ئەو جوغرافیایە وەک یەک وڵات و لە ژێر سێبەری یەک ئاڵا و یەک زمانی واحید پێناسە بکا و هۆویەت و ناسنامە و شوناسی باقی نەتەوەکان بسڕێتەوە و ئەوەش بە ئیلهام وەرگرتن لە ئاڵمانی نازیی ئەو کات کاری بۆ کراوە و ئەسڵی تەڕحەکە لەوێ وەرگیراوە، ئەگینا ناوی ئێران کەمتر لە سەد ساڵی مێژوو هەیە و ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی کەسانێکی وەک سەعید نەفیسی، محەممەدعەلی فرووغی و سەید حەسەن نەقی زادە هاوکات لە گەڵ ڕەوتی ناسیۆنالیسمی تورکی بە ڕێبەرایەتی داگیرکەر کەماڵ مستەفا ئەتاتۆرک لە هەر دوو وڵاتی تورکیە و پێرشیای ئەو کات کە تەنیا نوێنەرایەتیی فارس و تورکیایان دەکرد، بکەونە بیری ئەوەی ناوی ئێران بۆ خزمەت بە فارس و توانەوەی نەتەوە و زمانەکانی دیکە لە فارسیدا ، بە ڕەزاشای پەهلەوی پێشنیار بکەن و لە ڕۆژنامەی ئەو  کاتی ئیتلاعات دا بۆ یەکەم جار داوا لە وڵاتان کرا کە لەمە بەدواوە ناوی پێرشیا بە ئێران بێنن و پێیان بڵێن وڵاتی ئێران.

هەڵبەت ئەو ڕەوتە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامی ئاڵووگۆڕ و ڕووداوەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و زەق بوونەوەی ڕەوتی چینایەتی لە کۆتاییهێنان بە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا.

لە سووریە و عێڕاق بەردەوام هەوڵ دراوە کورد وەک عەڕەب و لە تورکیە وەک تورکی شاخستانی و لە ئێران وەک ئێرانی و فارس پێناسەی بۆ بکەن.

ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە پشت بەستن بە بەلگەی زانستی و مێژوویی ، شوناسی تاکی کورد نە ئێرانییە، نە عێڕاقی، نە سووری و نە تورکی، بەڵکوو هەموو تاکێکی کورد، کوردە و کوردستانیە و خاک و جوغڕافیاکەی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیر کراوە ناوی کوردستانە.

بە پێی هەلومەرج و گۆڕانکاریەکان و بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی لە ئەمڕۆ دا تاکی کورد گەیشتووتە ئاستێک کە لەوە تێبگا ، بە ناوی ئێرانی،سووری،تورکی و عێڕاقی دەیانهەوێ پێناسەی کورد بوونی لێ زەوت بکەن.

تاکی کورد گەیشتۆتە ئەو باوەڕە کە دەبێ خاک و نیشتمانەکەی لە دەستی داگیرکەر ڕزگار بکا و خەباتەکەی بۆ ئەوە بە فیڕۆ نەدا کە لە چوارچێوەی ئێران، عێڕاق، سووریە و تورکیە دا بمێنێتەوە.

پێویستە بڵێین هەر وەک چۆن زمانێک بە ناوی ئێران بوونی نییە ، جوغرافیا و نەتەوەیەکیش بە ناوی ئێران و ئێرانی دەستکرد و جەعلیە و بوونی نییە.

بە پێوەری زانستی و بە پێناسەی نێونەتەوەیی لە مەڕ سەلماندنی نەتەوەیەک دەبێ بگوترێ کە نەتەوە پێناسەیەکی

دیاری هەیە و لە پێوانەی نەتەوە دا پێویستیت بە زمان، خاک، مێژوو و هەستی هاوبەش ، کلتوور و فەرهەنگی هاوبەش هەیە و بە گشتی نەتەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا پێوەر و پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە و کەسانێک کە خاوەنی یەک زمان، مێژوو، خاک، فەرهەنگ و کلتوور و هەستی هاوبەش بن بە نەتەوە لە قەڵەم دەردێن و بە ڕەی زانستی و بەو پێیەی زمان، مێژوو و جوغڕافیا و فەرهەنگێکی هاوبەش بە ناوی ئێران و ئێرانی بوونی نییە و تەنیا دەستکرد و داتاشراوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئێران و ئێرانی بوون، لە ڕەوتێکی نەتەوەسازیدا و لە سەر ئەساسی ئینکاری نەتەوەکانی دیکە، دروستکراوە.

بۆیە مانەوە لەو چوارچێوە دەستکرد و جەعلییە بە مانای مانەوەیە لە ژێر دەستەیی و قەبووڵکردنی کۆیلایەتی.

سیستمی سیاسی بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: فیدراڵی یا سەربەخۆیی

ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی فیدراڵی دێتە بەر باس ،لەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، ناتوانێ وەڵامدەر بێ، چونکە بە ناسیاوی و شناختێک کە لە سەر پان ئێرانی و شۆڤێنیسمی فارس هەیە، هیچ کات ئەوان نە باوەڕیان بە مافی گەلانی غەیرە فارس هەیە و نە باوەڕیان بە دێموکراسی، هەر بۆیە دەسەڵاتی ناوەندی چ رژیمی ئیسلامیی ئێستا و چ پاشایەتی و سەڵتەنەت تەڵەب و موجاهیدین بێ، لە بەرانبەر خواست و ویستی گەلی کورد دا هەر هەموویان وەک یەک بیر دەکەنەوە و بچووکترین ماف بە گەلانی غەیرەفارس ڕەوا نابینن.

ئەوان خۆیان لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە دا بە باڵا دەست و گەورە دەزانن و پێیان وایە بە خێری خۆیان هەندێ ماف دەدەن بە نەتەوەکانی تر.

ئێرانیەکان پێیان وایە دەبێ دەسەڵاتێکی ناوەندی بە سەر هەموو ئێراندا زاڵ بێ و لە زیهنیەتی ئەواندا فیدراڵی و شێوەکانی هەر مانای دابەشکردنی ئێران دەدا.

ئێرانیەکان لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا باوەڕیان بە سیستمی فیدراڵیی ئیداری هەیە و فیدرالیی جوغرافیایی ، نەتەوەیی بە هێلی سوور لە قەڵەم دەدەن .

ئێرانیەکان لە سیستمی داهاتوو دا باوەڕیان وایە کە دەکرێ ئوستاندار یا فەرماندارێک کورد بێ و نەک کورد لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ... دا بەشدار بێ.

گۆڕانکاری لە ئاستی جیهانیدا کار دەکاتە سەر ئەوەی ئێرانیەکان بە ناچار کۆمەڵێک پرسی وەک دێموکراسی و فێدراڵی قەبووڵ بکەن، بەڵام دێموکراسی و فیدراڵییەتێک کە تەنیا لە چوارچێوەی پێناسە و تەعریفی خۆیان دا بگونجێ و بە پێی ناسیاوی و شناخت و تەعریفێک کە بۆخۆیان لە دێموکراسی و فیدراڵی هەیانە و بە مەرجێک و تا جێگەیەک مافی کورد و نەتەوەکانی دیکەیان لە لا پەسەندە کە لەو هێڵەی ئەوان دیارییان کردووە، لانەدا و بە گشتی دێموکراسی و فیدراڵییان تا ئەو جێگە قەبووڵە کە خزمەت بە نەتەوەی باڵا دەست و ئێرانی بوون دابێ، نەک لە خزمەت بە نەتەوەکانی دیکە دا.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە کورد بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەگەر بچووکترین دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ، هەوڵی بۆ سەربەخۆیی داوە ،لە خانی لەپ زێڕین ڕا تا شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ و کۆماری کوردستان، گشتیان هەنگاو نان بوون بۆ دەوڵەت و حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان.

بە داخەوە هەر چەندە بە هۆکار گەلێکی بە دوور لە زانست و واقعی بەردەم و سەلماندنی مێژوویی سەرجەم تاک و لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵات، کە دەبوایە خاوەن هەڵوێستێکی کارامە و کارگێڕ بایەن بەڵام، دانەبڕاوی لە هزری کۆن و ئێرانیچێتیی باو ، هیز و توانای هزری و مەیدانیی ، هەندێ لایەن وزە و توانای خۆیان بە باس و بابەتی فیدراڵی و دێموکراتی و ... بە فیڕۆ دەدەن.

لە کاتێکدا ڕێکاری مەحکەمە پەسەند لە بەردەم هەر نەتەوەیەکی ژێردەستە و داگیرکراو تەنیا یەک ئامانجی دیار و بەرچاو و شیاوە کە ئەویش بریتییە لە :

چوونە دەرەوەی داگیرکارە لە خاک و زێدەکەی و بۆ ئەو مەبەستە، سەرجەم ڕێکاری بە دوور لە توند و تیژی دەگرێتە بەر و گەر داگیرکەر بە هیچ چەشنێک بە دەنگی وەڵامی دیاریکراوەوە نەهات ، ئەو دەمەیە کە بە پێی یاسای جیهانی و نێودەوڵەتی و ...وەدەرنانی داگیرکار بە هەر شێوازێکی بەرحەق، ڕێگە پێدراو و مەشرووعە.

بۆ نەتەوەی ژێر دەستە و خاک داگیر کراو ، ئەوە گرفت و ئەرکی نییە کە:

داگیرکار هەنگاو بەرەوە دێموکراتیەت و دێموکراسی دەنێ یا نا؟

پارلمانی، فیدراڵی، خودموختاری و ... پێڕەو دەکا یا نا؟

ئێمەی نەتەوەی کوردی خاک داگیرکراو و ژێر دەستە نە خۆمان بە کوێخای نەتەوەی زاڵ و باڵا دەست دەزانین و نە ڕێگەش دەدەین هیچ لایەنێکی غەیرە نەتەوەییمان ببێتە دەم ڕاست یا نوێنەر.

بیرمەندان و تێکۆشەران و تەنانەت زۆر یەک لە شەهیدان و گیان بەختکردوانی گەلەکەمان هەوڵی ئەوەیان داوە و ئێمەش ڕێگە و ڕێبازیان درێژە پێدەدەین ، چونکە :

بۆ هەر چەواشەکارییەک و بەلاڕێدا بردنی تاکی کۆمەڵگای کوردەواری لە ئامانجی پیرۆزیان، وەڵامدەری پیلانی شوومی دوژمنان بوون و لێیان کردوونەتەوە بڵقی سەر ئاو.

بۆ نموونە: لە کافربوون و دژەخوا و کائیناتی کورد، داردەستی ئەم یا ئەو وڵات! تەجزیە تەڵەب و شتی زۆر ساویلکانەی دیکە! بە کورتی و بە کوردی ئاماژەمان دایە ئەوەی:

وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو و چەوساوە ، بە ڕاشکاوی خوازیاری دەرچوونی داگیرکەر و کۆتاییهێنان بەو تاڵانکارییەن لە سەر خاکی باو و باپیرانمان و بەس.

ئەوەی کە: ئەو جوغرافیا و سنوورە دەستکردەی بە زۆر و دزە لە ژێر هاوپەیمانییەتیەکاندا هاتۆتە ئاراوە، نەتەوەی چەوساوە لێی بەرپرس نییە  کە داهاتووی ئەو جوغڕافیا ساختەیە بە چ ئاقارێک

دا دەڕوا  و چی بە سەر دێ و  هەر چی بە سەر ئەو جوغرافیا شوومە دا بێ، دەرئەنجامی کوشتار و قەڵا چۆکردن و جینۆساید و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامان و بەدفەڕیی خۆیانە و ئەوان بەرپرسی هەر شتێکن.

زیندووترین و نەتەوەییترین بەشی کوردستان ڕۆژهەڵاتە،زیندوویی و لە سەر پێ بوونی ڕۆژهەڵات لەوە ڕا خۆ دەردەخا کە ئەگەر ڕووداو یا پرسێک لە هەر کام لە پارچەکانی تر دێتە گۆڕێ، ئەوە کوردی ڕۆژهەڵاتە کە هەڵویست دەگرێ و لە شادی پارچەکانی دیکە دا شایی دەکا و لە غەم و نەهامەتیان دا شیوەن دەگێڕی، شەنگال و ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشوور،کۆبانی و عفرین لە ڕۆژئاوا،گیرانی ئۆجەلان و دێمیرتاش لە باکوور و هەڵویستی ڕۆژهەڵات لە سەر ئەو پرسانە هەمووی شایەد و بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ نەتەوەیی بوون و لە سەرپێ بوونی ڕۆژهەڵات.

 فیدراڵ خوازەکان باوەڕیان  وایە کە سەرەتا دەبێ هەوڵ بۆ سیستمی فدراڵی بدرێ و دواتر کار بۆ سەربەخۆیی بکرێ.

لێ ئەگەر چاوێک بە فیدراڵیی  باشووری کوردستان دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی خاکی کوردستانیان داگیر کردووە، هیچ کات نابنە خاوەن سیستم و حکوومەتێکی دێموکرات کە دان بە مافەکانی گەلی کورد تەنانەت لە سیستمی فیدراڵ دا بێنن.

پاش نزیکەی ٢٠ ساڵ لە سیستمی فیدڕالیی عێراق و خواستی زیاتر لە ٩٣ لە سەدی گەلی کوردستان لە باشوور، بینیمان کە سیستمی فیدراڵی تا ئەو کاتە دەپارێزرێ کە حکوومەتی ناوەندی لە لاوازی دابێ.

کە واتە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ فیدراڵییەک تاقی کەینەوە کە لە باشوور لە گەڵ شکست بەرەوڕوو بوو و بۆ چی لە ئێستاوە خەبات بۆ سەربەخۆیی نەکەین؟

ئینجا ڕەوشی عێراق لە گەڵ ئێران جیاوازییەکی گەورەی تێدایە و ئەویش ئەوەیە کە: ئێرانی دەستکرد وەک عێڕاقی دەستکرد نییە کە تەنیا بریتی بێ لە دوو نەتەوەی باڵا دەستی  کورد و عەڕەب، ئێران خاکی عەڕەب، بەلووچ، کورد، تورکی ئازەری، تورکمان،کاسپیەن و چەندین نەتەوەی دیکەی داگیر کردووە و خواستی زۆرینەشیان سەربەخۆییە و گومان لەوە دا نییە کە بە پلەی یەکەم و دوای ڕووخانی ڕژیمی ئێستای ئێران، عەڕەبەکان بە پشتگیریی وڵاتانی عەڕەبی و ناوچەکە و تورکە ئازەرییەکان بە پاڵپشتی وڵاتانی تورک  سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن و ئەوەش ئاسانکارییە بۆ نەتەوەکانی دیکە.

خواستی کورد لە ڕۆژهەڵات سەربەخۆیی خوازییە و پشتیوانی و داکۆکی لە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشوور سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

تاوانە ئەگەر ئێمەی کورد پاش ڕووخانی ڕژیمی ئێستای ئێران، بگەڕێینەوە تاران و لە هەوڵی بووژاندنەوەی دەسەڵاتی دووبارەی حکوومەتی ناوەندیی بە ناو ئێران دابین.

پێویستە یەکگرتوانە لە گەڵ نەتەوە غەیرە فارسەکان لە لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی کەڵک وەرگرین و هەڵەی دیالۆگ و دانوستان و پێکهاتنی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە گەڵ ڕژیمی ئێران دووبارە نەکەینەوە و ئەگینا مێژوو دیسان بۆ ئێمەی کورد دووپاتە دەبێتەوە و جارێکی تر پێشمەرگە دەبێ چەک لە شان ڕوو لە چیاکان بکەنەوە و بە دژی دەسەڵاتی نوێی پان ئێرانی و شۆڤێنیسمی فارس خەبات بکا.

دووپاتە کردنەوە و دووبارەبوونەوەی هەڵە و خەتا، گوناحێکە کە مێژوو بە ئاسانی لە بکەرانی خۆش نابێ.

تاکی کورد ئیستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەت و بڕوایەی چیدیکە ئەوە قەبووڵ نەکا کە خاک و جوغڕافیا و مێژووەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە تاڵان بکرێ.

کوردستانی گەورە یا چوار دەوڵەتی کوردستان

لە پێوەندی بە کوردستانی گەورە و یەکخستنەوەی خاکی کوردستان ڕەنگە لە هەلومەرجی ئەوڕۆ دا دژوار و ئەستەم بێ و بە گشتی خاکی کوردستانی مەزن، جێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی زانستی و ئاکادێمیە و هاوتەرییە لە گەڵ دۆخی سەردەم و بۆیە بە باشی دەزانین هەر لە ئێستەوە دەستپێشخەری لە سەر نەکەین، بەڵام دەکرێ هەر کام لە حیزب و ڕێکخراوەکانی پارچەکانی کوردستان، بە جیا و بە بێ دەستێوەردان لە ڕەوشی پارچەکانی تر ، هەوڵ و خەباتەکەیان بۆ ئەو پارچەی کە خۆیان لێی لە دایکبوون ، چڕ بکەنەوە .

دەکرێ کوردستان لە جیاتی ئەوەی ببێ بە یەک وڵات، ببێ بە چوار وڵات و لە نەتەوە یەکگرتووەکان چوار نوێنەری هەبێ و وەک چۆن هەندێ وڵاتی بچووکی عەڕەبی، ئێستا وڵاتن و سەرەڕای ئەوەی هەموو عەڕەبن، بەڵام بە جیا جیا خاوەن وڵات و نوێنەرن لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەر کام لە حیزبەکانی پارچەکانی کوردستان، دەکرێ کار بۆ ئازادی ئەو پارچەیە بکەن کە لێی هەڵقوڵاون و خەباتی بۆ دەکەن و پاش ئەوەی هەموو کوردستان لە داگیرکەر پاککرایەوە و چوار دەوڵەتی کوردستانی ڕاگەیەندرا، هاوپەیمانییەک لە چەشنی یەکێتیی ئورووپا و ...بۆ چوار دەوڵەتی کوردستان دروست بکرێ و لە ئەگەری هەر هەڕەشە و هێرشێک بۆ هەر کام لە وڵاتانی

کوردستان، هەر چوار وڵات پێکەوە هاوکار و پاڵپشتی یەک بن و ئەگەریش لە ڕێفراندۆمێک دا گونجا کە هەر چوار دەوڵەت لە چوارچیوەی ئەیالاتی یەکگرتووی کوردستان بخرێنەوە سەر یەک ، ئەوە ئەو کات دەکرێ، بڕیاری لە سەر بدرێ.

بۆ ڕەوشی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە لە گەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکە کە خاکەکەیان لە لایەن ئێرانەوە داگیر کراوە و باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە، هاوپەیمانییەک بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئێران پێک بهێندرێ.

حیزب، کەرەستە و ئامراز
لە کوردستان مێژووی سەرهەڵدانی حیزب لە شێوەی ئەوڕۆیی خۆیدا بۆ نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

حیزب و ڕێکخراوەکان بۆ ویست و داواکاریی گەلی کورد و بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد خەباتیان کردووە و بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراون.

زۆربەی حیزبەکانی کوردستان بە هۆی هەلومەرجی نالەباری کوردستان و بە ئامانجی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد و ڕزگاریی کورد لە ژێر دەستەیی و داگیرکاری دامەزراون.

لە کوردستانی داگیرکراو لە لایەن ئێرانەوە ، دەیان حیزب و رێکخراو و سازمانی دژ بە ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ڕژیمی پاشایەتییەوە تا ئەوڕۆی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران دامەزراون و خەباتیان کردووە و لەو پێناو ئازادی دا گەلێک قوربانی و تێچوویان داوە.

هەزاران ڕۆڵەی کورد لە کیژ و کوڕ، لە لاو و پیر، لە ژن و پیاو و منداڵ و مێرمنداڵ بوونەتە قوربانی و گیانیان بەختی ئازادی کردووە و شەهید بوون.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات گەلێک حیزب هەبوون و ئێستاش لە مەیدان دان کە خەباتیان بۆ ئازادی کردووە و بە گشتی فرە حیزبی

لە کوردستان تا سەردەمی کۆماری کوردستان ڕەچاو کراوە کە هەم خاڵی ئەرێنی تێدا بووە و هەم نەرێنی.

لێکەوتە نەرێنییەکانی فرە حیزبی بریتین لە:

- ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی شەق بوونی کۆمەڵگا و لێک ترازانی ڕیزەکانی چالاکوانانی کورد.

-دەبێتە هۆی لە سەر پشت بوونی دەرگاکان بۆ دزە کردنی دوژمنان لە ناو ڕیزەکانی کورد دا.

-لە ناو ئەو فرە حیزبانە دا دوژمن بە سانایی و لە بەرگی ئایدیۆلۆژیای هاوردەی خۆی و بە پیلانەوە خۆ دەخزێنێتە ناو ڕێزەکانیان و هەوڵ دەدا بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

-دەرئەنجامی ئەو لێکەوتانەی ئاماژەی پێکرا ، بۆ بەردەوامی و گشتگیرکردنی ئەو پیلانە شوومانە دەگاتە ئاستێک، خوێنی ڕۆڵەی ئەو گەلە بە دەستی یەک برژێ و لە ئەنجامدا داگیرکەر بە تەواوەتی خۆی دادەسەپێنێ (( ئەم شێوازە شووم و دڵتەزێنە کە بە شەڕی ناوخۆیی ناودێر کراوە، گەلێک لێکەوتەی خراپ لە گەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، نەتەوەیی و بگرە سروشتی و ئایینی و ڕوانینی ناحەز لە سەر کورد لە ئاستی جیهانیدا بە دوای خۆیدا دێنێ))

لێکەوتە ئەرێنییەکانی فرە حیزبی بریتین لە:

-ئاگادارین کە سەرهەڵدانی هەر حیزبێک بە ڕێژەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ویستی کۆمەڵگا و واتە بۆشایی یا کەمایسیەک کە لە کۆمەڵگا لە ئاستی سیاسی دا زەق و بەرچاو ە ، ئەوەش دەبێتە هۆکار کە کۆمەڵێک چالاکوان، لە ژێر ناوی لایەنێکی سیاسی دا و خاوەن بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیایەکی دیار ، هەوڵ دەدەن، ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە.

-بۆ ئەوەی ڕێکخراو یا حیزبی تازە دامەزراو جێگەی پەنجەی لە خزمەت بە کۆمەڵگاکەی دیار و بەرچاو بێ دەبێ هەندێ خاڵ وەبەر چاو بگرێ:

ئا: ناسینی هەمە لایەنەی بزاڤی بەردەمی کۆمەڵگا

ب: ناسینی ئەو بۆشاییە کە ئەوی لە سەر خوڵقاوە، بە شێوەیەکی زانستی و عیلمی بێ کە نەبێتە هۆی قوربانی بوونی بڕگەی- ئا-

پ: بە کارهێنانی هەندێ ڕێکاری سیاسی و ئایدئۆلۆژیی باو لە جیهاندا و هەروەها داڕشتنەوەی هەر پڕۆژەیەک لە هەر سەردەمێک دا بۆ کۆمەڵگایەکی تایبەت بە فەرهەنگ و نەریت و مێژوویەکی تایبەت بە خۆیان هاتۆتە ئاراوە و هێنانە ئارای ئەو بیرۆکە یا ئەو ئایدئۆلۆژیایە بۆ ناو کۆمەڵگائەکی جیاواز لەو کارێکی سادە و ساکار نییە

ت: ئێمە ئەگەر بە بواری ئەرێنی لە هەموو بڕگەکانی ئاماژە پێکراو بنوارِین، دیسانەوە لە بواری دەروونناسی، کۆمەڵناسی و ... وەبەر چاوی بگرین، نابێ و ناگونجێ و بە دوور لە چاوەڕوانییە کە کۆمەڵگایەک بکەینە ئەو ئایدئۆلۆژییە تایبەتە ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو ئایدئۆلۆژیایەیە کە دەبێ ڕەنگ و بۆی خۆی لە گەڵ کۆمەڵگا ڕێک بخا.

پێویستە ئێمە وەک کورد ، وەک ئامراز کەڵک لە حیزب و حیزبایەتی وەربگرین و ڕوانینی هەمووومان بۆ حیزب وەک کەرەستە و ئامراز بێ و بەم شێوەیە کەڵک لە حیزب وەرگرین، با حیزبمان بە لاوە پیرۆز و موقەددەس نەبێ و تەنیا وەک ئەبزار و وەسیلەیەک لێی بڕوانین بۆ گەیشتن بە ئامانج.

پێویستە ئامانج نەکەینە قوربانیی بەرژەوەندیی حیزبی ، ئایدئۆلۆژی و تاکە کەسی، بەڵکوو ، حیزب پێویستە بکرێتە ئامراز و ئالیەت لە خزمەت بە گەل و خاک و نەتەوە و نیشتمان و ئامانج.

نەتەوەی کورد پێویستە، بە دوور لە دەمارگرژیی حیزبایەتی و بە بێ بیرکردنەوەیەکی تەسکی قەتیس کراو لە چوارچێوەی یەک حیزب دا، تەنیا بیر لەوە بکاتەوە کە کورد بوون و کوردستانی بوون لێکمان نزیک بکاتەوە و کوردایەتی لێکمان گرێ بداتەوە .

دەبێ شەڕی ناوخۆیی(( خۆکوژی)) و بێڕێزی بە هێما نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەک هێڵی سوور دەستنیشان بکرێن و هەوڵ بدرێ ڕەخنەی ڕووخێنەر و بێڕێزیکردن، جێگەی خۆی بدا بە ڕەخنە و پێشنیاری سازێنەر و بنیاتنەر و هەر تاکێک خۆی بە خاوەنی ئەو بزاڤە بزانێ ئەوە هیچ کات لە خزمەت بە گەل و نیشتمانی دوور ناکەوێتەوە .

ئێستا جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووس ساز دا تێپەڕ دەبێ و دوای سەدان ساڵ قوربانیدانی گەلی کورد، بەو واقیع و ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە گەیشتووە کە کوردستان بایەخ و جێگە و پێگەی تایبەتیی خۆی هەبووە و هەیە و دەبێ ببێ و نەخشە ی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەر لە نوێ دادەڕێژرێتەوە.

گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنی کە  سەدان ساڵە دابەش کراوە و خاک و جوغرافیای لە لایەن داگیرکەرانەوە، بۆتە موستەعمەرە و لە ئێستا دا  سەربەخۆییخوازی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ویست و داخوازیی سەرەکیی گەلی کورد، بوونی بزووتنەوەیەک کە ویستی سەربەخۆییخوازی بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی ئوسوولی، مەنتقی و پلان بۆ دارێژراو بێنێتە گۆڕێ، پێویستییەکی زەرووری و هەنووکەیی بوو.

بە لە بەر چاو گرتنی خواستی کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها ڕەوشی ناوچەکە و جیهان لە مەڕ سەربەخۆیی گەلان و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی یاسایی و نێونەتەوەیی، بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان لە ڕۆژی ١٦ی بەفرانباری ٢٧١٨ی کوردی دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند.

هێڵە گشتیەکان:

سیاسەتی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان ، لە سەر بنەمای دێموکراسی و مافی مرۆڤ دارێژراوە و باوەڕی بە بنەماکانی مافی مرۆیی پەسەند کراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە و هەروەها لە ڕوانگەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەک مافێکی نێونەتەوەیی هەوڵ بۆ سڕینەوە و وەدەرنانی داگیرکەر دەدا و ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە سەربەخۆیی کوردستان.

ئاوڕدانەوەی بزووتنەوە لە کۆمەڵگا ، ئاوڕدانەوەیەکی کلاسیکی نییە کە تێیدا کۆمەڵگا دابەش بە زەقبوونەوەی ڕەگەزی بکا، بەڵکوو بزووتنەوە تاک بە تاکی کۆمەڵگا بە ژن و بە پیاوەوە لە پێگەی شکۆداری مرۆڤایەتیدا دەڕوانێ و لای وایە جوێکردنەوەی ئەمانە لە یەکدی لە ڕاستیدا بە مانای شەق کردنی کۆمەڵگا و مەنفەزێکی کراوە بۆ دزە کردن یا دەستێوەردانی بێگانەیە.

کۆڵەکەی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی هەر نەتەوەیەک بۆ داهاتوویەکی گەش و دوور کەوتنەوە لە بیر و عەقڵیەتی کۆن و هەڵە ڕەچاوگرتنی ڕەوتی پەروەردەی منداڵان و گەنجانی نەتەوەکەمانە .

بزووتنەوە بڕوای بەوە هەیە کە هەموو ئەو ڕەوتانەی کە دەبێ ڕەچاو بگیرێ،سەر لە نوێ لە گەڵ سەردەم هاوشێوە و هاوتەریبی بکا و دوور کەوێتەوە لە شێوازی کلاسیکیی کۆن ،بۆ نموونە بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە ناو دەسەڵاتدا جودا لە قازانج و

سوودەکانی لە شێوەی کلاسیکەکەی کە بە ئێمە گەیشتووە، شەڕە بۆ دەسەڵات، لە کاتێکدا ئێمە بە پلان و بەرنامەی زانستی لامان وایە کە ئۆپۆزیسیۆن گەر لە سەر پاشنەی بیرۆکەی بە دەسەڵات گەیشتن دوور کەوێتەوە و خۆی بە چاودێرێکی هەتاهەتایی ناو دەسەڵاتی کوردستان بزانێ سوود و بەرامەی بۆ کۆمەڵگا چەند قات دەبێتەوە.

هەروەها بزووتنەوە ، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، هەموو شێوەکانی خەبات لە بەرگری مەدەنییەوە تا بەرگری چەکدارانە بە مافی ڕەوا و بێ ئەملاو ئەولای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەزانێ و هەوڵی بۆ دەدا.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان باوەڕی بە دەستەواژەی تەوایەتی ئەرزیی ئێران نییە و نەتەوەی ئێران و جوغرافیای ئێران بە دەستکرد و ساختە دەزانێ و لەو باوەڕە دایە کە خاک و جوغڕافیا، زمان و فەرهەنگ و کلتوور، مێژوو و ناسنامە و شوناسی کورد لە لایەن ڕژیمە داگیرکەرەکانی ئێران و شۆڤێنیسمی فارس داگیر کراوە و سەدان ساڵە هەوڵی سڕینەوە و ئاسمیلە کردنی نەتەوەی کوردیان داوە و هەوڵەکانیشیان بەردەوامن.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان باوەڕی بە جوغڕافیایەک بە ناوی ئێران نییە و لەو باوەڕە دایە کە ئەو جوغڕافیایە دەستکردە و لە سەر خاکی نەتەوەکانی دیکە بنیات نراوە و هەروەها نەتەوەیەک بە ناوی ئێرانی، بێ مانایە و تەنیا بە مەبەستی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی غەیرە فارس ساز کراوە.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بۆ ئەو خاکە خەبات دەکا کە لە لایەن ئێرانەوە داگیرکراوە و بریتییە لە ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، سنە، ورمێ، لوڕستان و لەکستان و بەشێک لە خوراسانی باکوور و شاری کرماشان وەک پایتەختی دەوڵەتی کوردستان پێشنیار دەکا.

لە ڕێگەی زماناسان و شارەزایانی ئەو بوارە کار بۆ زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو زاراوە و بن زاراوەکان دەکرێ و هیچ زاراوەیەک بە سەر زاراوەیەکی تر دا زاڵ نابێ و میدیا و ڕاگەیاندن و کتێب و خوێندن لە ناوچەکانی سەر بە زاراوە جۆربەجۆرەکان دەبێ دابین بکرێ ، بەڵام زمانی سەرەکی و ئیداری و فەرمی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی و زمانی دووهەم زمانی ئینگلیسی  دەبێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بە پشت بەستن بە ئیرادەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ڕێگەی لۆبیگەری لە گەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهانی هەوڵ بۆ دامەزراندنی

دەوڵەتی کوردستان و وەدەرنانی داگیرکەران لە خاکی کوردستان دەدا.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان  باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو ڕێکخراو و حیزبێک بە مەرجێک سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە دەست نەدا، دەتوانێ یارمەتی لە وڵاتانی زلهیز وەربگرێ و لە گەڵ دوژمنانی ئێران دۆستایەتی و هاوپەیمانی پێک بێنێ و لە سەر ئەو بنەمایەی دوژمنی دوژمنەکەم ، دۆستی منە، پێوەندی و بەرژەوەندیی هاوبەشی هەبێ و هاوکات ئەو ئەسڵە وەبەرچاو بگرێ کە جگە لە داگیرکەرانی کوردستان، دەکری یارمەتی لە هەموو لایەک وەرگیردرێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی ئوروپایی، عەڕەبی،ئەمریکا و ئیسرائیل بە ڕەوا دەزانێ و یارمەتی وەرگرتن لەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان داگیر نەکردووە، بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆی دەزانێ و بەرژەوەندیی هاوبەش و دوژمنی هاوبەش دەتوانێ خاڵی هاوبەشی هاوکاریی دوولایەنە بێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کورستان ،ئابلۆقە و گەمارۆی ئابووری یا هەر چەشنە ڕێکارێک، تەنانەت هێرشی نیزامیی وڵاتانی زلهێز بۆ لاواز کردنی ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆمی و هەناردەکەری تیرۆریسم  بە ڕەوا دەزانێ  و ئەو هێرشە  وەک دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانە ی وڵاتانی زلهێز  بە مەبەستی لە

ناو بردنی تیرۆر لە قەڵەم دەدا و پاڵپشتی و پشتیوانیی وەها هەنگاو و هێرشێک بۆ سەر ئێران دەکا.

بزوووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەو باوەڕەش دایە کە وڵاتانی زلهێز بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئامادەن وەها هێرشێک بکەن و کورد و وڵاتانی زلهێز لەو نێوە دا خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن ، بەڵام بزووتنەوە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بە پلەی یەکەم پشتی بە ئیرادە و ورەی نەتەوەی کورد بەستووە.

لە کۆی ئەو خاڵانەی بە شێوەی پۆلێن کراو ئاماژەمان دایە بزووتنەوە ڕاشکاوانە پەنجە لە سەر چەند خالی کەمایەسی لە ناو ڕەوتی کوردی دادەنێ:

بزوووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەو باوەڕە دایە: نەبوونی نووسینی یاسای بنەڕەتی کە فەلسەفەیەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردن و دابینکردنی ڕەوتی ژیانی تاک و هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی ڕوون و دیار، بونیادی چوارچێوەیەکی دیاری لە نەزم، ئەخلاق، مافی مرۆڤ، هێڵی سوور و ... کە ناسراوە بە یاسا.

نەبوونی یاسا واتە بێسەرەوبەرەیی و ...بۆیە بزووتنەوە بە هەستکردن بەو واقعە گرینگ و سەرەکییە بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵ دەدا چەترێک بێ بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگا و سەرجەم ڕەنگ و سەلیقەکان و بە نووسین و داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتی ئەو ڕێڕەوە ڕەچاو بکا.

بزووتنەوە لە یەکەم هەنگاو بۆ مەبەستی داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتی و پێشنووسی ئەو یاسایە:

بە کەڵک وەرگرتن لە کەسانی شارەزای یاسا، مافناسان، یاسادانەران و پارێزەران و کەسانی شارەزا لە سیاسەت و یاسای نێونەتەوەیی کار بۆ نووسینەوەی یاسایەکی بنەڕەتی وەک یاسای پێشنیاری بۆ دەوڵەت و حکوومەتی کوردستان دەکا.

هەروەها بزووتنەوە داوا لە سەرجەم حیزب، سازمان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکا کە لە سەر خەرجی بزووتنەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو دا لە سەر مێزێک لە دەوری یەک کۆببنەوە، بۆ نووسینەوە و پێشنیار و بڕیاردان و داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی کوردستان .

یاسای ئامادەکراو و پەسەند کراو لە لایەن سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە، پاش ئازادی و نەمانی ڕژیمی داگیرکەر ، دەخرێتە دەنگدانی گشتیەوە و خەڵکی کوردستان بڕیاری کۆتایی لە بارەوە دەدەن.

هەروەها بزووتنەوە پێشنیاری دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان لە تاراوگە دەدا و داوا لە سەرجەم حیزب و لایەنەکان دەکا کە لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا بڕیار لە سەر دروستکردنی وەها دەوڵەتێک لە تاراوگە بدەین و بزووتنەوە ئامادەیە سەرجەم خەرج و تێچووەکانی بگرێتە ئەستۆ.

ئەو دەوڵەتە تا کاتی ئازادی و ڕووخانی ڕژیمی داگیرکەر و ڕێگە خۆشکردن بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتی کاتیەوە بۆ دەوڵەتێکی هەڵبژێردراو بە دەنگی خەڵک ڕەوایی و مەشرووعیەتی دەبێ.

بزوووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوێکی خاوەن ئایدئۆلۆژییەکی تایبەت (( چەپ، لیبڕاڵ، ڕاست یا ئایینی )) نییە بەڵکوو ڕەوتێکی پێکهاتوو لە سەرجەم چین و توێژی کۆمەڵگای کوردستانە کە بڕوا یان لە سەر فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانی هاتۆتە ئاراوە تا لە درێژەی خەبات و چالاکیی بەردەوام و نەبڕاوە بە لەخۆ گرتنی هەموو هزر و ڕەنگە سیاسیەکان دەوری چەترێکی گشتی ببینێ.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان بە دامەزراندنی فیدراسیۆنێک لە ژێر ناوی سەربەخۆییخوازانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەوڵ بۆ یەکخستنی ناو ماڵی کورد و بەرەیەکی سەربەخۆیی خواز دەدا و داوا لە سەرجەم حیزب و سازمان و ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازەکان دەکا کە بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بە دوور لە بەرژەوەندیی حیزبی و تاکە کەسی لە دەوری یەک کۆ ببینەوە و کار بۆ ئامانجی هاوبەش بکەین.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان هەوڵ بۆ دامەزراندنی میدیایەکی سەربەخۆ و بێ لایەن دەدا تاکوو دەنگ و ڕەنگی

سەرجەم سەربەخۆییخوازانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ و لەو پێوەندییە دا داوا لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد دەکا کە یارمەتیدەر و پاڵپشت بن.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان لە گەڵ هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان کە خاکیان لە لایەن ئێرانەوە داگیر کراوە خۆی بە دۆست و هاوپەیمان دەزانێ و هەوڵ دەدا لە بەرەیەکی سەربەخۆییخوازی دا لە گەڵ نەتەوەکانی عەرەبی ئەحواز،تورکی ئازەربایجان ، بەلووچەکان و نەتەوە کانی دیکە کە باوەڕیان بە نەمانی ئێران لە تەواویەتی خۆی دا هەیە کار بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری لە داگیرکاری بکا.

بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردستان بۆ برەو دانی زیاتر بە بیری نەتەوایەتی و سەربەخۆییخوازی، ژوورێکی فکری دادەمەزرێنێ و داوا لە ڕووناکبیران، بیرمەندان، نووسەران و چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکا کە بە بێ لە بەر چاو گرتنی بیری حیزبایەتی و خۆ بەستنەوە و خۆ قەتیس کردن لە ناو حیزبایەتی دا بە نووسینی وتار و بابەت و لێدوان یارمەتیدەری سەربەستی و سەربەخۆیی و هەوڵی ڕوونکردنەوەی زیاتری نەتەوەکەمان بدەن.

*تێبینی: ئەم بابەتە لە لایەن ئاشتیاکۆ پوورکەریم، سەرۆکی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان وەک پەیامی دامەزراندنی بزووتنەوە پێشکەش کراوە.*

دەستوور، بەرنامە و پێڕەوی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## ١ .ناو و شیکردنەوە:

**بەندی یەک / ناو:**

بزوتنەوە لە ژێر ناوی "بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان" و بە ئینگلیسی Kurdistan Independence Movement و بە کورتکراوەیی BSK ـــە.

**بەندی دوو / شیکردنەوە :**

**ئـ** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، بزاڤێکی سیاسی و جووڵانەوەیەکی نیشتمانییە و بریتییە لە چەترێکی نەتەوەیی بۆ سەرجەم حیزب، ڕێکخراو و لایەنی کوردستانی، کە باوەڕیان بە خەبات و تێکۆشانە لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بوارەکانی سیاسی و دیپلۆماسی، ئابووری ، میدیایی و چەکداری خەبات و تێکۆشان دەکا.

**ا** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان، سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد بە مافێکی سروشتی پێناسە دەکا و هەموو جۆر و ڕەهەندەکانی خەبات بۆ ئەم مەبەستە بە ئەرکی سیاسی و مێژوویی و نەتەوەیی خۆی دەزانێت.

**ب** –بۆ ئەم مەبەستە یەکەم بژاردەی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان هەوڵدانە بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی داواکاری لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکان فشار بخرێتە سەر ڕژیمی داگیرکەری ئێرانی تاکوو

ڕێز لە مافەکانی گەلەکەمان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆی بگرێ، واتە گەلی کورد لەهەموو بوارەکاندا بە ئیرادەی ئازادانە لەسەر خاکی خۆی، ئیدارە ی خاک و وڵاتی خۆی بکات.

**پ** –ئەمە داواکارییەکی ڕەوا و پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ مانەوەی گەل و وڵاتەکەمان، بەڵام ئەگەر ڕژیمی دەسەڵاتدار سەرەڕای داوای ناوەندە جیهانیەکان بە ئاشتیانە قەبووڵ نەکات و بەرەدوام بێ لە سیاسەتی سەرکوت و نکۆڵیکردن لە ڕێگەی داگیرکاریەوە، ئەوە

ئەوکات بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان کەڵک لە هەموو جۆرە چالاکی و شێوازەکانی خەبات وەردەگرێت، بۆ نموونە ،کەڵکوەرگرتن لە شێوەی خەباتی چەکداری بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت.

**ت** – بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان وێڕای ڕێزگرتن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤی پەسەندکراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکات بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان بە مافی خۆی دەزانێ کار بۆ دروستکردن و پێکهێنانی دەوڵەتی کاتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە و دوورخراوەیی دا بکا.

**ج** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەم هێزانەی خوارەوە پێکدێت و هاوکات بەرە کار بۆ ئەوە دەکات تاکوو هێز و لایەنە سەربەخۆییخوازەکانی دیکەی کوردستان پێوەست بەو چەترە نەتەوەییەوە بن و دەرگای بزوتنەوە بۆ سەرجەم ئەو لایەنانەی باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستانە ئاوەڵایە.

**چ** – بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان خاوەنی ئاڕم و لۆگۆ، ماڵپەڕ و کەناڵی تایبەت بە خۆیەتی کە پێناسەیە بۆ کوردستانی بوون و سەربەخۆییخوازی.

## ٢ .هەندێک پرەنسیپی نەتەوەیی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان.

**بەندی سێ / نەتەوەی کورد:**

**ئـ** – گەلی کورد هەمووی یەک نەتەوەیە، وڵاتەکەیان کوردستانە و بە بێ ئیرادەی خۆیان دابەش کراون بەسەر دەوڵەتە جیاوازەکاندا کە خاکی کوردستانیان داگیرکردووە و جوگرافیای کوردستان کە لە لایەن بزوتنەوەوە پەسەند کراوە بریتیە لەو جوگرافیایەی لە شەڕەفنامەی بدلیسی دا ئاماژەی بۆ کراوە.

**ا** –نەتەوەی کورد وەک گەلانی فارس، عەڕەب، تورک و ... نەتەوەیەکی سەرەکیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**ب** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان زاڵ بوون، ستەمکاری و داگیرکاریی نەتەوەی فارس و نەتەوەکانی دیکە لە سەر نەتەوەی کورد قەبووڵ ناکات.

**پ –** بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان جیاوازی لە نێوان نەتەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستان ناکات، بەڵام بەهۆی بارودۆخی تایبەتی و هەلومەرجی ئەورۆیی ئەولەوییەت و قورسایی خەباتەکەی دەخاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ت –**بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان هەموو جیاوازییە ئایینی، مەزهەبی، زاراوەیی و فۆلکلۆرییەکانی (چاندی) گەلی کورد بە میراتی نەتەوەیی و شارستانی و مێژوویی دەناسێت، ڕێزی لێدەگرێت و دەیانپارێزێ.هەروەها وێڕای قەبووڵکردن و ڕێز گرتن لە سەرجەم هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد، وەک سەروەریی خاک، جوگرافیا و ئاڵای کوردستان،(( ئاڵای سێ ڕەنگی خۆر نیشان ، تا ئەو کاتەی پارلمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاری کۆتایی لە سەر دەدا لە لایەن هاوپەیمانیەوە پەسەند کراوە)) سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خوێنی شەهیدان و گیانبەختکردوانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و … بێڕێزی بەو هێمایانە بە بەزاندنی هێڵی سووری نەتەوەیی پێناسە دەکا.

**بەندی چوار / کوردستان :**

**ئـ –**بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان هەموو جوگرافیای کوردستان وەک وڵاتی نەتەوەی کورد دەبینێت و ستەم و دابەشبوونەکەی بە ڕەوا نازانێت و بە مەترسییەکی گەورە لە سەر مانی نەتەوەیی کورد پێناسەی دەکات.

ا –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ئازادی و یەکپارچەیی کوردستان بە ئەرکێکی نەتەوەیی، سیاسی و مێژوویی سەرشانی خۆی دەزانێت.

ب – بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بە شێوەیەکی زانستیانە و ئاکادێمیک بە کەڵک وەرگرتن لە توانای شارەزایانی بوارە جۆربەجۆرەکانی وەک مێژوو و ئاسەوارەکانی ، زمان و کلتوور وئایین و داب و نەریتەکان،جوگرافیا و خاکی کوردستان، کانگاکانی ژێر زەوی و سەر زەوی و بە گشتی ژینگەی کوردستان و سەرجەم پێکهاتەکانی، کار بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی بەڵگەمەند لەو بوارانە دا دەکا.

پ –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ڕێز لەهەموو کەمایەتییە ڕەگەزییەکانی کوردستان دەگرێت و هاوکات لە دوو ڕەگەزی ژن و پیاو وەک یەک مرۆڤی کورد دەڕوانێ و هەروەها لەو باوەڕەش دایە کە سیستمی داگیرکەر کارێکی کردووە تاکوو ژنانی کورد جارێک وەک کورد و جارێک وەک ژن مافەکانیان پێشێل بکرێ و بچەوسێندرێنەوە ، بۆیە ئێمە وەک هاوپەیمانی وێڕای ڕێز گرتن لە ژنان، سەرجەم مافەکانیان بە ڕەوا دەزانین و کار دەکەین بۆ نەهێشتنی هەر چەشنە ستەمێکی ڕەگەزایەتی، چینایەتی و نەتەوایەتی، هەروەها ڕێز لە تایبەتمەندیی زمانەوانی و کولتووری و ئایینیەکانیان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەگرێت و هەر چەشنە ناوچەگەرایی و جیاوازی دانان لە نێوان شار و ناوچەکانی کوردستان ڕەد دەکاتەوە.

**بەندی پێنج / ڕزگاریی گەلی کوردستان:**

**ئـ** –ڕزگاریی خەڵکی کوردستان بەرزترین و پیرۆزترین نرخی نەتەوەیی و بالاترین بەرژەوەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕەوشتیە.

**ا** –ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی بەهۆی تەبایی ڕامیارییەوە مسۆگەر دەبێ.

**ب** – نابێت هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی یان تاکە کەسی و تایبەتی ڕێگر بێ لە یەکپارچەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە دژی ئەو ڕژیمانەی کە مافی گەلی کورد ڕەتدەکەنەوە.

**بەندی شەش / بەرژەوەندیی نەتەوەیی:**

**ئـ** –بەرژەوەندیی گەلی کورد سەرچاوەیە بۆ ڕەواییدان بە هەموو بەرژەوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکان.

**ا** –بەرژەوەندییە تاکەکەسی و حیزبییەکان دەکرێت فیدای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بن، بەڵام نەک بەپێچەوانەوە.

**بەندی حەوت / : ئیرادەی گشتی:**

**ئـ** –ئیرادەی گشتی دەسەڵات دروست دەکات و درێژە بە شەرعییەت و ڕەوایی دەسەڵات دەدات.

ا –سەرکردەکان پێش لە هەموو کەسێک ڕێز لە ئیرادەی گشتی دەگرن و دەبێت کار بکەن تا کەسانی دیکە ڕێز لە ئیرادەی گشتی و نەتەوەیی بگرن.

**بەندی هەشت / دەسەڵاتداری:**
**بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان باوەڕی وایە کە:**

ئـ –دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی ئەمانەت و ئەرکن نە ماڵ و مڵک و دەدرێت بەو کەسانەی کە بتوانن بەرژەوەندیی گشتی گەلی کورد بە باشترین شێوە بەکاربێنن و ئەنجامی ئەرێنی دەستەبەر بکەن و بێ جیاوازی خێڵەکی، بنەماڵەیی، ئایینی و ڕگەزی کار بۆ هەمووان بکات.

ا – پێویستە هەموو سەرکردە و بەرپرسێک دەسەڵات بۆ پێشکەوتنی گشتی لە ئاستی سیاسی و ماددی، ڕەوشتی، ئابووری و زانستیدا بەکار بهێنێ نەک بۆ بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی، تاکە کەسی، بنەماڵەیی، خێڵەکی، ئایینی و ناوچەگەرایی یان زاراوەیی.

**بەندی نۆ:**
پێویستە کە سەرکردە و بەرپرسەکان بەمەبەستی ڕێزگرتن لە ویستی گشتی و یاسا بە شێوەیەکی ئاشتیانە واز لە دەسەڵات و بەرپرسیارەتی بێنن تا کەسانی دیکە وێرای بەدەستهێنانی ئەزموونی دەسەڵاتداری بتوانن لێهاتوویی خۆیان پیشان بدەن.

**بەندی دە / تەبایی و یەکێتی ڕامیاری:**

**ئـ –** بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بەهەموو شێوەیەک پارێزگاری لە تەبایی و یەکڕیزی ناوماڵی کورد دەکات.

**ا –** بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان دیالۆگ و لێبوردن و ڕێز لە یەکگرتن دەکاتە بناغە بۆ چارەسەریی هەر کێشەیەکی ناوخۆیی.

**ب –** بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان شەڕی ناوخۆیی و توندوتیژی نێوان هێزە سیاسییەکان ڕەتدەکاتەوە و بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر یەکگرتوویی گەلی کورد و مانەوەی نەتەویی دەزانێ.

**پ –** بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان وێڕای ئامادەکردنی شەڕەفنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەر چەشنە شەڕێکی کورد بە دژی کورد بە هێڵی سوور دەزانێ و دەستپێکەری وەها شەڕێک بە تاوانبار لە قەڵەم دەدا و وەها شەڕێک دەچێتە خانەی خزمەت کردن بە دوژمنانی کورد و دەبێتە هۆی تێکدانی یەکڕیزی ناو ماڵی کورد.

**ت –** بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان کار بۆ پێکهێنان و دروستکردنی هێزێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکا کە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکدێ و لە ژێر ناوی هێزی نەتەوەیی کوردستاندا چالاکی دەکا و بریتی دەبێ لە هێزی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان و ئەو هێزە هەر کات لە لایەن سەرۆکایەتیی

بزوتنەوەوە بڕیاری لە سەر درا و پێویست بوو کە ئەگەر شەڕێک بەرانبەر بە دوژمنانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هاتە ئاراوە، بەشداریی چالاکانە و چەکداری بکا.

**بەندی یازدە:**

**ئـ** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ئامادەیە لە پێناو ڕێزگرتن لە گەلی کورد و بەمەبەستی گەرانتی کردنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی هەموو هاوپەیمانییەکی پێویست لە سەر ئاستی ڕامیاری، دیپلوماسی و سەربازی لە گەڵ پارت و هێزە کوردستانییەکانی دیکە بکات

ا- بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لە سەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە گەڵ نەتەوە ستەم لێکراوەکانی دیکە کە خاکەکەیان لە لایەن ئێرانەوە داگیرکراوە هاوپەیمانی پێک بێنێ.

**بەندی دوازدە / سیستەمی سیاسی بۆ کوردستانی سەربەخۆ:**

**ئـ** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان پابەندە بە میتۆد و پرەنسیپە دێموکراتییە هاوچەرخەکان لە ژیانی ڕامیاری و ئیداری و لە کوردستاندا بەکاریان دەهێنێت.

**ا** –ڕێز لە ئازادیی گشتی و بیروبۆچوونە سیاسی و ئایینیە جیاوازەکان دەگرێت و مافی ڕادەربڕینیان دەپارێزێت.

**بەندی سێزدە:**

**ئـ** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەو باوەڕە دایە کە سیستەمی سیاسی بۆ کوردستان سێکولار و دێموکرات بێت و ناخوازێت دەوڵەت و ئایین پێکەوە لەگەڵ یەکتر کار بکەن بەڵام لەچوارچێوەی سیستەمی سیکولاردا ڕێزێکی تایبەتی هەیە بۆ بیروباوەڕە ئایینیە جیاوازە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە نەبنە لەمپەر لە بەدەم ویستی سەربەخۆییخوازی.

**ا** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان نایهەوێت هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتییە سیاسییەکان بەرژەوەندیی کوردستان بکەنە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، هەروەها نایهەوێت سەرکردە و دامەزراوە ئاینییەکان سیاسەت بکەنە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی ئایینی و یان بە پێچەوانەوە.

**بەندی چواردە / پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست :**

**ئـ** – بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان جگە لە دوژمنانی کورد بەرهەڵستکاری هیچ کەس و لایەنێک نییە و هاوکات داوا لە نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەبی ئەحوازی، تورکی ئازەری، بەلووچ، کاسپیەن و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە دەکات تاکوو لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، دوژمنی هاوبەش و دراوسێیەتیی داهاتوو دا پێکەوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی پێکهاتوو لە هەموو نەتەوە خاک داگیرکراوەکان کار و خەبات و چالاکی بکەین.

**ا** –بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لەو گەلانە کە لە سەرەوە ناویان هاتووە دەخوازێت کە مافی سرووشتی و ڕەوای نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسن و ڕێز لە ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کورد و یەکێتیی نەتەوەیی و مێژوو و شارستانیەتی بگرن.

**بەندی پازدە / بەشێک لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان:**

**ئـ** – بەهێزکردنی خەبات و بەرخودانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ڕامیاری و دیپلۆماسی و فاکتەرەکانی دیکە.

**ا** – گەشەپێدانی بیرۆکەی سەربەخۆیی گەلی کورد و دامەزراندن و بنیات نانی ناوەندی گەشەپێدانی هزری سەربەخۆییخوازی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان.

**ب** – بنیات نانی ستراتیژییەکی هاوبەشی نوێ و سەرکەوتوو لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی سەرەوە بە مەبەستی ڕزگارکردنی گەلی کوردستان و گەیشتن بە سەربەخۆیی.

**پ** – هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە سەربەخۆییخوازەکانی کوردستان لە یەک بەرە یا هاوپەیمانییەکدا.

**بەندی شازدە:**

**ئـ** – ئامانجی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان لە سەرەتادا ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگار بکات، بەڵام ئامانجی کۆتایی و دوارۆژی ئەوەیە کە گەلی کورد و یەکێتی

نەتەوەیی کورد و جوگرافیای کوردستان سەریەک بخات و کوردستانێکی سێکۆلار، فێدراڵ و دێمۆکراتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

**بەندی حەڤدە:**

**ئـ** – بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی کە دۆزی سەربەخۆیی گەلی کورد لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە پێناسە بکرێت و لە کۆتایی دا پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی بەدەست بێنێ و لە هەموو جۆرە پشتیوانییەکی پێویست بەرخوردار بێت.

## ٣ .ئۆرگانەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

### ١ -دەستەی کارگێڕی

**بەندی نۆزدە :**

دەستەی کارگێڕیی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدێ:

**ئـ** – دەستەی کارگێری لە ١٥ کەس پێکدێ کە سەرجەمیان لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و دواتر لە ناو ئەم ١٥ کەسە ٥ کەس وەک دەستەی ڕێبەریی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

**ا** – دە کەس لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بەرپرسایەتی ئۆرگان یان کۆمسیۆنێکیان پێ دەسپێردرێ.

٢ – دەستەی ڕێبەریی گشتی

**بەندی هەژدە:**

**ئـ** – دەستەی ڕێبەریی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان باڵاترین ئۆرگانە کە لە سەرۆک و دەستەیەکی ئـەندامانی دەستەی ڕێبەری پێکدێ.

**ا** – ئەندامانی دەستەی ڕێبەریی گشتی لە نێوان ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن و هەر کامەیان ئەرکێکی دیاریکراوی وەک بەرپرسی یەکێک لە ناوەندەکانیان پێ دەسپێردرێ.

**ب** -ئەندامانی دەستەی ڕێبەریی گشتی دەبنە ئەندام لە دەستەی کارگێڕی دا.

**پ** – ئەندامێکی دەستەی ڕێبەریی گشتی دەبێتە سەرۆک .

## ٤ .دەستەی باڵای دادوەری بۆ چارەسەریی کێشە سیاسی و دەستووریەکان(( دەستەی دادوەری))

**بەندی بیست:**

**ئـ** – دەستەی دادەوەریی باڵا بەرزترین ئۆرگانی دادوەرییە، لە بەرپرسێک و پێنج ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی عەلەلبەدەڵ پێکدێ و هیچ کام لە ئەندامانی دەستەی ڕێبەریی گشتی ناتوانن ببنە ئەندامی دەستەی دادوەری.

**ا –** پێویستە ئەندامانی دەستەی دادوەری ئەزموونی سیاسیان هەبێ و تا ڕادەیەک لە بواری یاسایی و دیرۆکی سیاسیی کوردستان دا شارەزاییان هەبێ و تەمەنیان لە چل ساڵ کەمتر نەبێ.

**ب –** ئەندامانی دەستەی دادوەری لە لایەن دەستەی ڕێبەریەوە پێشنیار دەکرێن و لە لایەن دەستەی کارگێڕیەوە بە شێوەی دەنگی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

**پ –** دەستەی دادوەریی باڵا بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بڕیار دەدا و نابێ هیچ ئۆرگانێک کاریگەری لە سەر بڕیارەکانی ئەو هەبێ.

٣ – دەستەی دادوەریی  گشتی

**بەندی بیست و یەک:**

**ئـ –** دەستەی دادەوەریی گشتی لە سەرۆکێک و شەش ئەندام پێکدێ و لە لایەن دەستەی ڕێبەریی گشتیەوە بە زۆرینەی دەنگ و بە شیوەی نهێنی هەڵدەبژێردرێ.

**ا –** دەستەی دادەوەریی گشتی لە سەر کێشەی مەدەنی و تاوانباری بڕیار دەدا.

ب – پێویستە ئەندامانی دادوەریی گشتی لە بوارەکانی یاسایی و سیاسی و مێژووییەوە شارەزاییان هەبێ و نابێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی یا دەستەی ڕێبەریی گشتی بن.

پ – دەستەی دادەوەریی گشتی لە ناوخۆیان سەرۆکێک و جێگرێک بە شیوەی دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێرن.

**بەندی بیست و دوو / دەسەڵاتەکانی دەستەی دادوەریی گشتی**

**ئـ** – هەموو کەسێک لە بەردەم دادوەریدا یەکسانە

**ا** – گیان، جەستە، ماڵ و کەرامەتی هەموو کوردستانیەک خاوەن نرخی باڵآیە و لە لای هەر کەسێک و بە تایبەتی لە لایەن دەستەی دادوەریی گشتی دەپارێزرێ و بە بێ بڕیاری دادپەروەرانەوە ناچێتە بواری سزا دانەوە.

**ب** -دەستەی دادوەریی گشتی هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی، ئایینی، بنەماڵەیی، خێڵایەتی لە پڕۆسەی دادوەری و بڕیاردان‌دا دا ڕەچاو ناکا.

**پ** – مافی هەموو تۆمەتبارێکە کە داکۆکی لە مافی خۆی بکا، پارێزەرێک بۆ خۆی دیاری بکا ، ئەگەر نەتوانێ پارێزەرێک بۆ خۆی دیاری بکا ، ئەو کات پێویستە دەستەی دادوەریی گشتی پارێزەرێک بۆ ئەو دەستنیشان بکا.

**ت** – هەر کەسێک بە تاوانێک تۆمەتبار بکرێ ، تا ئەو تاوانە لە لایەن دادگاوە پەسەند نەکرێ ئەوە ئەو کەسە بێتاوانە.

**بەندی بیست و سێ /  بڕیارەکانی دەستەی دادوەریی گشتی:**
**ئـ –** دەستەی دادوەریی گشتی پاش دادگایی کردنێکی عادڵانە بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ دەتوانێ ئەو بڕیارانەی ژێرەوە لە خۆ بگرێ.

**١ –** بەرائەت کردن

**٢ -**سەزای جیاواز : سزای ماڵی ، سزای زیندانیکردن، سزای تەمبێ کردن،لێساندنەوەی ئەرک و بەرپرسیارەتی، دەرکردن. دەستەی داوەریی گشتی دەتوانێ هاوکات یەک یا چەند سزا بە یەکەوە لە سەر تاوانبار بدا.

**ا –** سزای ئێعدام:

بە شێوازێکی بنەمایی و پرەنسیپی هیچ کەس ئێعدام ناکرێ.

## ٥ .ناوەندەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

**بەندی بیست و چوار:**
هەر ناوەندێک پێک دێ لە  بەرپرسێک کە لە ئەندامانی دەستەی ڕێبەریی گشتی پێکدێ.

ناوەند لەو بەشە سەرەکیانەی خوارەوە  پێک دێ:

**ئـ –** ناوەندی سیاسی، ستراتیژی و دیپلۆماسی

**ا** -ناوەندی نیزامی،ڕێکخستن و ئەمنیەت

**ب** – ناوەندی ئابووری و ماڵی، دارایی

**پ** – ناوەندی میدیا و ڕاگەیاندن

**ت** – ناوەندی پەروەردە (( ئیدێئۆلۆژی،سیاسی،فەرهەنگی و ...)) و ڕێکخراوەکان

**بەندی بیست و پێنج:**
**ئـ** – هەر کام لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی  بە پێی پێویست بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆن یان ئۆرگانێکیان پێ دەسپێردرێ.

## ٦ .دەسەڵاتی ناوەندەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان.

**بەندی بیست و شەش:**
دەسەڵاتەکانی دەستەی ڕێبەریی گشتی بزوتنەوە بەم چەشنەیە:

**ئـ** – دەستەی ڕێبەریی گشتی لە ناو خۆیان ئەندامێک وەک سەرۆکی بزوتنەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێرن و پاش چوار ساڵ، دەستەی ڕێبەریی گشتی بڕیار دەدا کە بۆ ماوەی دوو ساڵێتر درێژە بە سەرۆکایەتی بدا یان نا و ئەم ڕەوتە تا چوار ساڵی تر درێژەی دەبێ، دواتر  کۆنگرە بە بەشداری ئەندامان بەڕیوە دەچێ و سەرۆکی بزوتنەوە لە کۆنگرە دا بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێ.

**ا** – دەستەی ڕێبەریی گشتی ستراتیژی و سیاسەتی گشتی بۆ بزوتنەوە دیاری دەکا و سەرجەم بڕیارە سەرەکییەکان لە پێوەندی بە کار و خەبات و چالاکیی بزوتنەوە دیاری دەکا.

**ب** – دەستەی ڕێبەریی گشتی شێواز و نەخشەی چالاکی و خەباتی ناوەند و ئۆرگانەکانی تر لە سەر ئاستی ، سیاسی،دیپلۆماسی، ڕێکخستن، پێوەندییەکان و ... دیاری دەکا.

**پ** – چالاکیی ناوەند و ئۆرگانەکانی بزوتنەوە کۆنترۆڵ دەکا و چاوەدێری دەکا لە سەر ڕێزگرتن لە دەستوور و بەرنامەی بزوتنەوە.

**ت** – ئەندامانی دەستەی ڕێبەریی گشتی بە زۆرینە دەتوانن داوای کۆبوونەوەی ناوەند و ئۆرگانەکانی سەر بە بزوتنەوە بکەن.

**ج** – دەستەی ڕێبەریی گشتی دەتوانێ بڕیارەکانی ناوەند و کۆمیسیۆنەکان ڕەت بکاتەوە.

**بەندی بیست و حەوت / دەسەڵاتەکانی سەرۆکی بزووتنەوە:**

**ئـ** – نوێنەرایەتیی بزوتنەوە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی دەکا.

**ا** – بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕی و دەستەی ڕێبەریی گشتی واژۆ دەکا.

**ب** – داوای کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی و دەستەی ڕێبەریی گشتی دەکا.

**پ** – کۆبوونەوەکان بەڕێوە دەبا بەلام بە پێی پێویست ئەندامانی تری دەستەی ڕێبەریش دەتوانن کۆبوونەوەکان بەڕێوە بەرن.

**بەندی بیست و هەشت / دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی:**
**ئـ** – دەستەی کارگێڕی ئەندامانی دەستەی ڕێبەری دەستنیشان دەکا.

**ا** – بەرپرسێک و دوو هاوکار بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن و دەسەڵاتی هەر کامەیان دیاری دەکەن.

**ب** – ئەندامانی کۆمیسیۆنەکان، بەرپرسی کۆمیسیۆنەکان و هاوکارەکانی بەرپرسی کۆمیسیۆنەکان و دەسەڵاتیەکانیان و هەروەها بابەتی چالاکیەکان دیاری دەکات.

**پ** – کۆمیسیۆن و ئۆرگانی نوێ بە پێی پێویست دادەمەزرێنێ.

**ت** – لقی جیاواز لە شوێنی جیا جیا دەکاتەوە.

**ج** – هەر بڕیارێکی پێویست بێ بۆ گەشە سەندنی بزوتنەوە دەریدەکات.

**چ –** ئەگەر پیویست بێ دەستەی کارگێڕی لە سەر داخوازی دەستەی ڕێبەریی گشتی یان لە سەر ویستی زۆرینەی ئەندامانی بزوتنەوە بڕیار لە سەر گۆڕین یان دەستکاری کردنی بەرنامە و پێڕەوەی بزوتنەوە دەدا.

**ح –** پرەنسیپە گشتیەکان کە لەم دەستوورە دا هاتووە بە هیچ شێوازێک ناگۆڕدرێن.

**بەندی بیست ونۆ / دەسەڵاتەکانی دەستەی دادوەری بۆ چارەسەریی کێشەی دەستووری و سیاسی:**

**ئـ –** دەستەی باڵای دادوەری بە بەشداری هەموو ئەندامانی، بەرپرسێک لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنیەوە هەڵدەبژێرێ

**ا** -دەستەی دادوەری لە پێوەندی بە کێشە سیاسی و دەستوورییەکان تەنیا لە سەر داوای زۆرینەی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و دەستەی ڕێبەری کۆ دەبێتەوە و پاش لێکۆڵینەوە و دانوستان و وەرگرتنی ڕای جیاوازی لایەنەکان بڕیاڕی پێویست دەردەکات.

**ب –** پێویستە سەرجەم ناوەند، ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکان پێبەند بن بە بڕیارەکانی دەستەی دادوەری.

**پ –** دەستەی ڕێبەریی گشتی و دەستەی کارگێڕی لە سەر بابەتی جیاواز دەتوانن لە گەڵ دەستەی دادوەری ڕاوێژ بکەن،

بەڵام لەو حاڵەتەدا بۆچوونەکانی دەستەی دادوەری بڕیار نییە و تەنیا دەچێتە خانەی ڕاوێژ پێکردنەوە.

**ت** – ئەگەر دەستەی دادوەری بە پێی خاڵەکانی پێشوو، بۆچوون یا بڕیار لە سەر بابەتێک بدا، ئەوە دەبێ دیاری بکا کە ئەو ڕەئیە بڕیارە یا بۆچوونە.

**ج** – ئەگەر بڕیار لە دژی کەس یان لایەنێک بدرێ ، ئەوە مافی ئەوەی هەیە کە لە لای دەستەی باڵای دادوەری سکاڵا تۆمار بکا.

**بەندی سی / دەسەڵاتی ناوەندەکان:**
دەسەڵاتی بەرپرسی ناوەندەکان و بابەتی کار و چالاکیی ناوەندەکان بە بڕیاری دەستەی کارگێڕی دیاری دەکرێن.

**بەندی سی و یەک:**

## ٧ . مکانیزمەکانی بڕیار لە بزوتنەوە :

بڕیاری ناوەند، ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکانی بزوتنەوە بەم چەشنە دەبێ:

**ئـ** – بڕیار دان پاش دانوستان و ڕاوێژ لە ناو ئەندامانی ئۆرگانەکان دا ئەگەر بکرێت بە شێوەیەکی تەوافقی دەدرێ.

**ا** – ئەگەر بە شێوەیەکی تەوافقی بڕیار مسۆگەر نەبێ، ئەوە بە دەنگدانی نهێنی جێبەجێ دەکرێ.

**ب –** ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی ناوەند و ئۆرگانەکان بخوازن دەکرێ بڕیار دان بە شێوەی دەست بەرز کردنەوە دەنگی لە سەر بدرێ.

**پ –** کۆبوونەوەی ناوەند و ئۆرگانەکان لە سەر داخوازیی بەرپرسەکان یان زۆرینەی ئەندامان بەڕێوە دەچێ.

**ت –** بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی ناوەند و ئۆرگانەکان ڕەوایی و مەشرووعیەتی هەبێ ، پێویستە زۆرینەی ئەندامانی ناوەند و ئۆرگانەکان بەشدار بن.

**ج –** کۆبوونەوە بە شێوەی بەشداریی ڕاستەوخۆ یان بە شێوەی ئانلاینیش دەتوانرێ بەڕێوە بچێ.

**چ** -ئەندامانی ناوەند و ئۆرگانەکان دەتوانن هەم بە شێوەی بەشداریی ڕاستەوخۆ یان بە نامە یان بە دانی وەکالەت دەنگی خۆیان بدەن.

**بەندی سی و دوو:**
بەرپرس و ئەندامانی ناوەند و ئۆرگانەکانی بزوتنەوە ، پێبەندن بە بڕیاری پێوەندیدار و وێڕای ڕێزگرتن لە بڕیارەکان وەک ئەرک دەبێ جێبەجێی بکەن.

**بەندی سی و سێ:**
سەرجەم ئەندامانی بزوتنەوە وێڕای پێبەندی دەبێ ڕێز لە بڕیارەکان بگرن و هاوکات جێبەجێی بکەن.

**بەندی سی و چوار:**
ئەگەر پێویست بە کۆبوونەوەی نائاسایی هەبێ ، لایەنی مافدار کە لە بەندی جیا جیا دا دیاریکراون، دەتوانن پێشنیاری خۆیان بدەن، بەڵام پێش لە کۆبوونەوە پێویستە بابەتەکان دیاری بکرێن کە بڕیارە لە سەر چ بابەتێک کۆبوونەوە بکرێت.

**ئەندامانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان پاش باسکردن و تاوتوێکردن ئەم دەستوورەمان بە کۆی دەنگ پەسەند کردووە.**

١٦ی بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی

٥ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی

# پێڕەوی ناوخۆیی

## بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## پەسەند کراوی کۆنگرەی گشتی

پێشەکی

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان،لە ٥ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی سەدان ساڵەی نەتەوەی کورد، بە باوەڕ بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنان و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، دامەزراوە.

- بزووتنەوە باوەڕی بە ئاڵای نەتەوەیی کوردستان (سێ ڕەنگی: سوور، سپی، سەوز لەگەڵ خۆرێکی زەرد لە ناوەڕاستدا) هەیە.
- ئێمبلێم و لۆگۆی بزووتنەوە بریتیە لە: سێ مەشخەڵ بە ڕەنگەکانی سوور، زەرد و سەوز کە لە ژێرەوەی نوسراوەBSK
- هێمای پەنجەکانی هەڵۆ وەک هێمای سەربەخۆییخوازانی کوردستان لە لایەن بزووتنەوەوە پەسەند کراوە.

ئەم پێڕەوە ناوخۆییە، چوارچیوەی ماف و ئەرکەکانی ئەندامانی فەرمیی بزووتنەوە، بنەماکانی ڕێکخستنی ناوخۆیی، شێوەی بەڕێوەبەری و ئیدارەی ناوەند و ئۆرگانەکانی بزووتنەوە و بە گشتی پێناسەی تەشکیلاتیی بزووتنەوە دیاری دەکا.

## بەشی یەکەم– بنەما سەرەکی و بنەڕەتیەکان

### مادەی ١– پێناسە

١ .ناوی فەرمی: بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان BSK و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا Kurdistan Independence Mouvement

٢ .بزووتنەوە، جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی، سیاسی، سێکۆلار. دێموکراتیک و بەرفراوانە کە لە ڕێگەی سەربەخۆیی بۆ کوردستان و یەکڕیزیی نەتەوەیی، نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ.

### مادەی ٢ – ئەرک و بەهاکان

١ .داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

٢ . پێبەندبوون بە دێموکراسی، سێکۆلاریسم، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ.

٣ .خەبات بە دژی داگیرکاری و داگیرکەرانی کوردستان و پاریزگاری لە شوناس و هۆویەتی نەتەوەیی نەتەوەی کورد.

۴ .پێکهێنانی یەکێتی و یەکڕیزی لە نێوان هەموو ئەو نەتەوانەی خاکەکەیان لە لایەن داگیرکەرانەوە داگیر کراوە ، بە تایبەتی لە گەڵ ئەو نەتەوانەی وڵاتەکەیان لە لایەن ئێرانیەکانەوە داگیرکراوە.

٥ .ڕێزگرتن لە فرە چەشنیی ئایینی، فەرهەنگی و کلتووری، زاراوەیی و ڕەگەزی.

٦ .هاوکاری و هاوپەیمانی لە گەڵ هەموو هێزە سەربەخۆییخوازەکانی کوردستان.

**مادەی ٣ – بنەما ستراتیژیەکانی بزووتنەوە**

١ .هەوڵی دیپلۆماسی و لۆبیگەری لە گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی.

٢ .مافی ڕەوا و مەشرووع بۆ بەرگریکردن لە نەتەوەی کورد و خەبات بە دژی داگیرکاری.

٣ .دامەزراندنی حکوومەتێکی کاتی لە تاراوگەدا بە پێی پێویستیی هەلومەرج.

٤ .ڕێکخستن و پێکهێنانی هێزێکی بەرگریی یەکگرتوو و پێکهاتوو لە هێزی پێشمەرگەی هەموو لایەنە کورد و کوردستانیەکان، لە چوارچێوەی ئەرتەش یا سپایەکی نەتەوەییدا.

٥ .هەوڵدان بۆ یەکگرتن و یەکخستنی هێزە کوردییەکان

## بەشی دووهەم — ئەندامێتی

### مادەی ٤ — مەرجەکانی ئەندامێتی

١ .هەر کوردێکی پابەند بێ بە ئامانج و پرەنسیپەکانی بزووتنەوە، دەتوانێت ببێتە ئەندامی فەرمی.

٢ .تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵ نەبێ.

٣ .ڕۆحی نیشتمانپەروەری و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی "کوردیزم" ی هەبێ.

٤ .ئەندامبوون لە هێز و بزووتنەوە فاشیستەکان، دژە دیموکراسیەکان، یان دژە کوردیەکان بەربەستە لە بەردەم ئەندامبوون.

٥ .ئەندامێتی دەبێتە فەرمی بە واژۆکردنی فۆرم و مەنشووری ئەندامێتی و قەبووڵکردنی پێڕەو و پرۆگرامی بزووتنەوە.

### مادەی ٥ – پرۆسەی ئەندامێتی.

١ .پڕکردنەوەی فۆڕمی فەرمی ئەندامێتی و سوێندخواردنی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٢ .لانیکەم ماوەی تاقیکردنەوەی دوو مانگە تێپەڕ بکا.

٣ .بەشداریکردن لە یەکێک لە ئۆرگانە ڕێکخراوەییەکانی بزووتنەو.

٤ .ئەندامێتی فەرمی دوای تەواوکردنی سەرکەوتوویی ماوەی تاقیکردنەوە و پەسەندکردنی لەلایەن بەشی تەشکیلات و لیژنەی پەیوەندیدارەوە.

**مادەی ٦ – ئاستی ئەندامێتی**

١ .ئەندامی فەرمی و ئاسایی.

٢ .ئەندامی کارگێڕی (چالاک لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی).

٣ .ئەندامی ڕێبەری (بە دەنگی کۆنگرەی گشتی).

**مادەی ٧ – ئەرکی ئەندام**

١ .پابەندبوون بە ڕەچاوکردنی بنەما، بەها و ئەرزشەکانی بزووتنەوە.

٢ .هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوە.

٣ .ڕەچاوکردنی دیسیپلین و ڕێساکانی ڕێکخراوەیی.

٤ .بەشداریی چالاک و کارا لە کۆبوونەوە فەرمی و گشتییەکاندا.

٥ .پاراستنی نهێنی و زانیاری ناوخۆیی بزووتنەوە.

٦ .بەرەوپێشبردنی هۆشیاری و زانیاریی سیاسی.

٧ .پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕاکێشانی لایەنگرانی نوێ.

٨ .پشتیوانی و داکۆکی لە بڕیارەکانی بزووتنەوە و ڕێبەرایەتیەکەی.

٩ .ڕێزگرتن لە ئەندامانی تر و پاراستنی گیانی هاودەنگی" ئەندامانی بزووتنەوە وەک ئەندامانی یەک خێزان و بنەماڵەن."

**مادەی ٨ — مافی ئەندام**

**١.**مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆ کاندیدکردن لە ئۆرگانەکانی بزووتنەوەکەدا.

٢ .مافی ڕەخنەگرتن، پێشنیارکردن و پرسیارکردن.

٣ .بەشداریی چالاکانە لە بڕیاردان.

٤ .وەرگرتنی وەڵامی ڕوون لە بەرپرسان.

٥ .بەشداریکردن لە کۆبونەوە و چالاکیەکاندا.

٦ .سودمەندبوون لە ڕاهێنانی سیاسی و ڕێکخراوەیی.

**مادەی ٩ – دیسپلینی ڕێکخراوەیی:**

١ .لە حاڵەتی پێشێلکردنی بنەماکانی بزووتنەوە: ئاگادارکردنەوەی زارەکی، ئاگادارکردنەوەی نوسراو، هەڵپەساردنی ماوەیی، هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی.

٢ .لە لیژنەی ناوبژیوانی و دیسپلین مافی تانەلێدان و دووبارە پێداچوونەوە هەیە.

**مادەی ١٠ – پرۆسەی فەرمی داواکاریی ئەندامێتی و فۆڕمی ئەندامێتی**

١ .پرۆسەی ئەندامێتی فەرمی لە بزووتنەوە بە پڕکردنەوەی فۆڕمی فەرمی "داواکاری ئەندامێتی" ئەنجام دەدرێ.

٢ .فۆڕمی ئەندامێتی ئەم بەشانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ و پێویستە هەموو داواکارێکی ئەندامیتی پڕی بکاتەوە:

## فۆڕمی فەرمیی ئەندامێتی لە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان:

١ -ناو و پاشناو:

٢ -ڕەگەز:

"ژن، پیاو، سەڵت، خێزاندار:"

٣ -شوێنی لەدایک بوون "پارێزگا / شار / گوند:"

٤ -ڕێکەوتی لەدایک بوون "ساڵ / مانگ / ڕۆژ:"

٥ -ژمارەی مۆبایل:

٦ -ئاستی خوێندن:

٧ -ناونیشانی تەواوی شوێنی نیشتەجێبوون (شەقام، شار، پارێزگا، کۆدی پۆستی):

٨ -وڵاتی نیشتەجێبوون:

٩ -خەڵکی کام پارچەی کوردستانی:

"ڕۆژهەڵات، باکوور، ڕۆژاوا، باشوور، کوردستانی سوور ؟"

١٠ -لە کام یەک لە خولەکانی فێرکاریی بزووتنەوە دا حەز دەکەی بەشداری بکەی؟ ”دەتوانیت چەندین بژاردە هەڵبژێری”

”خولی سیاسی، خولی میدیا و ڕاگەیاندن، خولی زمانی کوردی، وەرگێڕان و زمانە بیانیەکان، خولی تەشکیلات، خولی مێژوو، خولی ئابووری، ”...

١١ -لە چ بوارێک دا شارەزایی و لێهاتووییت هەیە و دەخوازی لە کام بوار دا چالاکیت هەبێ؟

”سیاسەت و دیپلۆماسی، پەروەردە، میدیا و راگەیاندن، فەرهەنگ و هونەر، کامپیوتێر و ئەنفۆرماتیک، ئابووری و ماڵی، ڕێکخستن و تەشکیلات، نیزامی، ئەمنیەت و”...

١٢ -کورتە ژیاننامەیەک لەسەر خۆت بنووسە:

”لەبارەی خۆت و مێژووی چالاکیی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و ئەو پەیج و تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی هەتە و بە گشتی هەر زانیارییەکی تر کە حەز دەکەیت لەگەڵماندا باسی بکەی بینووسە و هەروەها وێنەیەکی ناسنامە و پێناسەکەت لە گەڵ وێنەیەکی ڕەسمیی خۆت هاوپێچ بکە”

١٣ -ڕەخنە و پێشنیارەکانت لە سەر بزووتنەوە بنووسە:

## بەشی ٣ – پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە:

### مادەی ١١ – بنەما گشتییەکان.

١ .ڕێبەرایەتی و هەموو ئۆرگانەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢ .ئۆرگانەکان دەبێ راپۆرتی مانگانە بدەنەوە بە سەرووتری خۆیان و ڕێبەری.

٣ .یەکگرتوویی و دیسیپلین لە بزووتنەوەدا ئەرکێکی بنەڕەتییە و لە هەموو ئاستەکان دا دەبێ ڕەچاو بکرێ.

٤ .پێویستە هەموو چالاکییەکانی بزووتنەوە لەسەر بنەمای سیستمێکی بەرنامە بۆ دارێژراو و بە پێی پلاندانان و هەماهەنگی بێ.

٥ .پێویستە هەموو ئۆرگانەکان بەرنامەی و پێڕەوی ناوخۆیی نووسراو و تۆکمەی تایبەت بە خۆیان هەبێ.

### مادەی ١٢ – پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە:

١ .کۆنگرەی گشتی (چوار ساڵ جارێک یان نائاسایی).

٢ .دەستەی ڕێبەری و سەرکردایەتی.

٣ .سەرۆکی بزووتنەوە.

٤ .دەستەی کارگێڕی.

٥ .دەستەی دادوەری، نەزم و دیسپلین.

٦ .لیژنە و کۆمیسیۆنە تایبەتیەکان.

٧ .ناوەندەکانی کار و چالاکی.

٨ .دەستەی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان.

**مادەی ١٣ – ئەرکەکانی کۆنگرەی گشتی:**

١ .دیاریکردنی سیاسەت و ستراتیژیی بزووتنەوە.

٢ .هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی ناوەندی، ڕێبەری و سەرکردایەتی.

٣ .پێداچوونەوە بە خەبات و تێکۆشانی ڕابردووی بزووتنەوە.

٤ .پەسەندکردنی هەموارکردنەوە و پێداچوونەوە بە پێڕەو و پرۆگرام.

**مادەی ١٤ – ئەرکەکانی ڕێبەری و سەرکردایەتی:**

١ .بەڕێوەبردنی سیاسیی بزووتنەوە.

٢ .بەڕێوەبردنی دارایی و ئابووریی بزووتنەوە.

٣ .سەرپەرەستیکردنی کار و چالاکیی سەرجەم ئۆرگان و ناوەندەکان.

٤ .وەڵامدەر بەرامبەر بە کۆنگرە.

**مادەی ١٥ – بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی گشتیی بزووتنەوە:**
١.مەرج و پرۆسەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی گشتیی بزووتنەوە لەلایەن دەستەی ڕێبەری و سەرکردایەتییەوە داڕێژرێت و ڕادەگەیەنرێت.

**مادەی ١٦ – دەسەڵاتی دەستەی کارگێڕی:**
١ .بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوە.

٢ .هەماهەنگی نێوان بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوە.

٣ .جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێبەری و دەستەی سەرکردایەتی.

**مادەی ١٧ – سەرۆکی بزووتنەوە:**
١ .سەرکردایەتی و ڕێبەریی فەرمی بزووتنەوە.

٢ .بەرپرسی سیاسەتی گشتیی بزووتنەوە لە ناوخۆ و دەرەوە و بەرپرسی پەیوەندییە گشتیەکان.

٣ .هەماهەنگی لەناو بزووتنەوەدا.

٤ .ڕاپۆرتی ماوەی سەرۆکایەتی بۆ کۆنگرەی گشتی.

**مادەی ١٨ – دەستەی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان:**

١ .بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و جیهان.

٢ .پێشنیارکردنی پێشنیارەکان بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانی بزووتنەوە.

**مادەی ١٩ – ناوەندەکانی کار و چالاکیی بزووتنەوە:**

١ .ئەنجامدانی چالاکی تایبەتمەند و جێبەجێکردن.

٢ .جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی.

## بەشی چوارەم — شەفافیەتی ئابووری، دارایی و بەڕێوەبردنی داهات و سەرچاوەکان:

**مادەی ٢٠ – سەرچاوە داراییەکانی بزووتنەوە:**

١ .پارەی ئابوونەی مانگانەی ئەندامێتی

٢ .یارمەتیی خۆبەخشانە

٣ .داهاتی پڕۆژە و چالاکییە ئابوورییەکان

٤ .پاڵپشتی دارایی لەلایەن دامەزراوە و تاک و لایەنەکانی هاوتەریب لەگەڵ بنەماکانی بزووتنەوە

٥ .داهاتی شەرعی تر لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان

**مادەی ٢١ – شەفافیەتی دارایی**

١ .لیژنەی دارایی،ڕاپۆرتی ساڵانەی دارایی پێشکەش بە کۆنگرەی گشتی دەکا.

٢ .هەر چەشنە یارمەتیەکی داراییی بەرچاو پێویستە دەستەی ڕێبەری و سەرکردایەتی لێی ئاگادار بێ.

## بەشی پێنجەم – مەنشووری ئەخلاقی

### مادەی ٢٢ – ڕێسا و یاسای ئەخلاقی بۆ ئەندامان

١ .ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی ئایینی و کولتووری و جێندەری و هەروەها داکۆکیکردن لە مافی ژنان و کەمینە جێندەریەکان

٢ .خۆ دوورگرتن لە زمانی زبر و جوێن و بێڕێزیکردن و هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە هەڵاواردن، توندوتیژی و دووبەرەکی

٣ .پابەندبوون بە پرەنسیپە دیموکراسیەکان لە ڕەفتاری ڕێکخراوەییدا

٤ .پاراستنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ڕێکخراوەیی

## بەشی شەشەم – پێداچوونەوە و هەموارکردنەوە

### مادەی ٢٥ – پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پرۆگرام

١ .هەموارکردنەوەی ئەم پەیڕەوە تەنیا لە کۆنگرەی گشتیدا بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئامادەبوو دەتوانرێ ئەنجام بدرێ.

٢ .پێویستە پێشنیارەکانی هەموارکردنەوەکان بەلایەنی کەمەوە مانگێک پێش کۆنگرەی گشتی ڕابگەیەندرێ.

**مادەی ٢٦ – جێبەجێکردن**
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی پەسەندکردنی لە کۆنگرەی گشتیی بزووتنەوەدا کاری پێدەکرێ و هەموو ئەندامانی فەرمی دەبێ پێیوە پابەندن بن.

## سوێندی نیشتیمانی و فەرمی ئەندامێتی لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان *(BSK)*

ئەمن، ..........................................................

لەبەردەم نەتەوەی مەزنی کوردستان، لەبەردەم مێژووی شکۆمەندیی خەباتی میللەتەکەمان و بە ئاگاداری تەواوەوە لەو بەرپرسیارێتییە قورسەی لە پێشمە، لێرەوە سوێند دەخۆم کە:

١ . باوەڕم بە ئارمانی بەرزی سەربەخۆیی بۆ کوردستان هەیە، گیان و ژیان و سامان و بوونم تەرخان دەکەم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و هەمیشە ئامادەم بۆ گیانبازی، گیانفیدایی و قوربانیدان لە پێناوی ئەو دۆزە ڕەوایەدا.

٢ . یەکگرتوویی، شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و یەکپارچەیی وڵات و خاکی کوردستان بە پیرۆز دەزانم و لە ناخی دڵمەوە و بە هەموو وجوودمەوە لە بەرامبەر هەر هەڕەشە و پیلان و دووبەرەکییەکی دوژمنانی کورد و کوردستان دەوەستمەوە و بە هەموو هێز و توانامەوە داکۆکی لە مان و مەوجوودیەتی ئەم نەتەوەیە و ئەم خاکە پیرۆزە دەکەم.

٣ . من پابەند دەبم بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی، سێکۆلاریزم، مافەکانی مرۆڤ و بەبێ گوێدان بە جیاوازیی ئایینی، عەقیدەیی، ڕەگەزی، یان چینایەتی باوەڕم بە بەرابەریی هەموو خەڵکی کوردستان هەیە.

٤ . بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردستان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییە تاکە کەسی، گرووپی، حیزبی دادەنێم و هەمیشە لە ڕێگەی بە دیهێنان و وەدیهێنانی ئیرادەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی هەنگاو داوێم.

٥ . لە پێناوی ئاڕمانەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ، بە ڕۆحێکی یەکگرتووخوازانە، خۆڕاگرانە و داهێنەرانە و بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە ،چالاکانە بەشداری چالاکییەکانی بزووتنەوە دەبم.

٦ . بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزانە نهێنی و زانیارییە ناوخۆییەکانی بزووتنەوە دەپارێزم و هەرگیز هاوکاری هێزە داگیرکەرەکان یان دوژمنانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ناکەم.

٧ . سوێند دەخۆم بە شەڕافت و کەرامەت، بە ئینسانیەت و مرۆڤایەتی، بە بیر و باوەڕ و ویژدانم.

سوێند بە بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان.

سوێند بە خاک و نیشتمان ، بە نەتەوە، بە ئاڵا، بە ئارمان و ئامانج و هێمای نەتەوەیی و نیشتمانی و بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی سەربەخۆییخوازی.

سوێند بە گیان و خوێنی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

٨ . بەڵێن دەدەم:

تا دوایین هەناسەی ژیان، لە بیر و باوەڕ و ڕێبازی سەربەخۆییخوازی لانەدەم و تا دوا دڵۆپی خوێنم، پارێزەری سەروەریی خاک و میلکان ، ئاڵا، نەتەوە و نیشتمانی پیرۆزی کوردستان و سەرزەمینی کوردەواری بم و بە ویژدان و شەڕافەتەوە پارێزگاری لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بکەم.

بەڵێن دەدەم و لە گەڵ پیرۆزییەکانی کورد و کوردستان پەیمان دەبەستم بۆ یەک چرکەش خەیانەت بە خاک و گەل و نەتەوە و نیشتمانم نەکەم و وەک کوردێکی ناسیۆنالیست هەموو کوردێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرم بە هەر بیر و باوەڕێکەوە کە هەیەتی، خۆش بوێ.

٩ . پەیمان دەبەستم و بەڵێن دووبارە دەکەمەوە و سوێند دەخۆم:

لە بەرانبەر شەهیدانی ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەم، لەبەرانبەر منداڵانی ئەم خاکەدا کە شایەنی ئایندەیەکی ئازادن، لەبەردەم هەموو دایکانی ئەم نیشتمانە، سوێند دەخۆم کە تا سەرکەوتنی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەردەوام دەبم لە خەباتێکی بەردەوام و بێوچان.

سوێند بە هەموو پیرۆزییەکانم، سوێند بێ بە چەک، بە قەڵەم، بە بیر و باوەڕ، تا دوا هەناسەم، پێشمەرگەی ڕێگەی کوردایەتی و ڕێبازی سەربەخۆیی دەبم.

واژۆ.............................. :

ڕێکەوت.......................:

# وێنە و بەڵگەنامەکان

## لۆگۆی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

## لۆگۆی ناوەندی ڕاگەیاندن، کوردناسیۆن

## لۆگۆی بەشی ئەمنیەت و تەشکیلات

## لۆگۆی ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان



## پەنجەکانی هەڵۆ، هێمای سەربەخۆییخوازان


Kurdistan
Independence
Movement
BSK
@kurdnational @kurdnational @kurdnation @kurdnational @kurdnational KURDNATION www.kurdnation.com kurdnational@gmail.com


@kurdnational @kurdnational @kurdnation @kurdnational @kurdnational KURDNATION www.kurdnation.com kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
Kurdistan Independence Movement
جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

KURD NATION

www.kurdnation.com

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

www.kurdnation.com

KURD NATION

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان
Kurdistan Independence Movement
جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK
2019

KURD NATION

www.kurdnation.com

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

www.kurdnation.com

KURD NATION

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

KURD NATION

www.kurdnation.com

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan
Independence
Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK

2019

www.kurdnation.com

KURD NATION

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

www.kurdnation.com

KURD NATION

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

BSK

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

www.kurdnation.com

KURD NATION

Email: kurdnational@gmail.com

Kurdistan Independence Movement

BSK

بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان

Kurdistan Independence Movement

جنبش استقلال طلبان کوردستان

BSK 2019

KURD NATION

www.kurdnation.com

Email: kurdnational@gmail.com

# پێرست:


پێشەکی........................................................4

فیدراڵی یا سەربەخۆیی...........................................10

کوردستانی گەورە یا چوار دەوڵەتی کوردستان ...................17

حیزب، کەرەستە و ئامراز.........................................19

هێڵە گشتیەکان:.................................................25

پێڕەوی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان ..............33

بەندی یەک / ناو:.....................................................33

بەندی دوو / شیکردنەوە :..........................................33

بەندی سێ / نەتەوەی کورد: .......................................35

بەندی چوار / کوردستان: ...........................................36

بەندی پێنج / ڕزگاریی گەلی کوردستان: ..........................38

بەندی شەش / بەرژەوەندیی نەتەوەیی:...........................38

بەندی حەوت / : ئیرادەی گشتی:.................................38

بەندی هەشت / دەسەڵاتداری:.....................................39

بەندی نۆ:...........................................................39

بەندی دە / تەبایی و یەکێتی ڕامیاری: ...........................40

بەندی یازدە: .........................................................41

**بەندی دوازدە / سیستەمی سیاسی بۆ کوردستانی سەربەخۆ:**... 41

**بەندی سێزدە:** ......................................................... 42

**بەندی چواردە / پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:**42

**بەندی پازدە / بەشێک لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان:** ............................................................ 43

**بەندی شازدە:** ......................................................... 43

**بەندی حەڤدە:** ......................................................... 44

**٣ .ئۆرگانەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان............ 44**

**١ -دەستەی کارگێری** ............................................. 44

**بەندی نۆزدە:** ......................................................... 44

٢ – دەستەی ڕێبەریی گشتی................................... 45

**بەندی هەژدە:** ......................................................... 45

**٤ .دەستەی باڵای دادوەری .......................................... 45**

**بەندی بیست:** ......................................................... 45

٣ – دەستەی دادوەریی گشتی.................................. 46

**بەندی بیست و یەک:** ............................................ 46

**بەندی بیست و دوو / دەسەڵاتەکانی دەستەی دادوەریی گشتی**.. 47

**بەندی بیست و سێ / بڕیارەکانی دەستەی دادوەریی گشتی:** ... 48

**٥ .ناوەندەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان............ 48**

**بەندی بیست و چوار:**................................................ 48

**بەندی بیست و پێنج:** ............................................ 49

٦ .دەسەڵاتی ناوەندەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان. 49

بەندی بیست و شەش: ............................................49

بەندی بیست و حەوت / دەسەڵاتەکانی سەرۆکی بزووتنەوە: ..50

بەندی بیست و هەشت / دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی: .....51

بەندی بیست ونۆ / دەسەڵاتەکانی دەستەی دادوەری بۆ چارەسەریی کێشەی دەستووری و سیاسی: ............................................52

بەندی سی / دەسەڵاتی ناوەندەکان: ...............................53

بەندی سی و یەک: ............................................53

٧ . مکانیزمەکانی بڕیار لە بزوتنەوە : .................................. 53

بەندی سی و دوو: .....................................................54

بەندی سی و سێ: .....................................................55

بەندی سی و چوار: ...................................................55

پێڕەوی ناوخۆیی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان. 57

پەسەند کراوی کۆنگرەی گشتی ...................................... 57

پێشەکی.................................................................57

بەشی یەکەم— بنەما سەرەکی و بنەڕەتیەکان ........................... 58

مادەی ١— پێناسە.....................................................58

مادەی ٢ — ئەرک و بەهاکان..........................................58

مادەی ٣ — بنەما ستراتیژیەکانی بزووتنەوە..........................59

بەشی دووهەم — ئەندامێتی ................................................ 60

مادەی ٤ — مەرجەکانی ئەندامێتی .................................60

مادەی ٥ – پرۆسەی ئەندامێتی.......................................60

مادەی ٦ – ئاستی ئەندامێتی .......................................61

مادەی ٧ – ئەرکی ئەندام .............................................61

مادەی ٨ —— مافی ئەندام..............................................62

مادەی ٩ – دیسپلینی ڕێکخراوەیی:.................................63

مادەی ١٠ –داواکاریی ئەندامێتی و فۆڕمی ئەندامێتی ..........63

ئەندامێتی لە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان:............ 64

بەشی ٣ —— پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە: ........................ 66

مادەی ١١ – بنەما گشتییەکان. .......................................66

مادەی ١٢ – پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە: ................66

مادەی ١٣ – ئەرکەکانی کۆنگرەی گشتی:..........................67

مادەی ١٤ – ئەرکەکانی ڕێبەری و سەرکردایەتی:..............67

مادەی ١٥ —— بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی گشتیی بزووتنەوە:....68

مادەی ١٦ – دەسەڵاتی دەستەی کارگێڕی: ........................68

مادەی ١٧ —— سەرۆکی بزووتنەوە:.................................68

مادەی ١٨ – دەستەی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان: ................69

مادەی ١٩ – ناوەندەکانی کار و چالاکیی بزووتنەوە: ...........69

بەشی چوارەم —— شەفافیەتی ئابووری، دارایی و بەڕێوەبردنی داهات 70

مادەی ٢٠ – سەرچاوە داراییەکانی بزووتنەوە: ..................70

مادەی ٢١ – شەفافیەتی دارایی.....................................70

بەشی پێنجەم —— مەنشووری ئەخلاقی.................................... 71

مادەی ٢٢ – ڕێسا و یاسای ئەخلاقی بۆ ئەندامان................71

بەشی شەشەم ـــ پێداچوونەوە و هەموارکردنەوە ..................... 71

مادەی ٢٥ – پێداچوونەوە بە پەیڕەو و پرۆگرام .................71

مادەی ٢٦ – جێبەجێکردن ..........................................72

سوێندی نیشتیمانی ئەندامێتی لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان 72

لۆگۆی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان..................... 77

لۆگۆی ناوەندی ڕاگەیاندن، کوردناسیۆن................................. 77

لۆگۆی بەشی ئەمنیەت و تەشکیلات...................................... 78

لۆگۆی ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان ................................ 78

پەنجەکانی هەڵۆ، هێمای سەربەخۆییخوازان............................ 79

**Kurdistan's Independence: A Case for Self-Determination, Democracy, and Regional Stability**

M A N I F E S T C

BSK

Kurdistan is the homeland of a single nation that history and force have divided among several states. Kurdish people's

This partition has never nullified the natural and inalienable right to

self-determination. Rather, it has prolonged a century-long struggle to reclaim sovereignty, dignity, and the

ability to decide—freely and democratically—their political future.

Kurdistan independence movement

Kurdish self-determination

Kurdish nationalism

Middle East politics

Iran–Kurdistan relations

Human rights in Kurdistan

National liberation movements

Kurdistan's independence is a moral imperative, a legal right, and a practical roadmap to peace. With unity at home, integrity in leadership, and principled alliances abroad, the Kurdish nation can transform a century of imposed fragmentation into a future of self-government, dignity, and shared prosperity.

The Kurdistan Independence Movement (BSK)

frames this struggle not as a partisan agenda but as a national project grounded in international law, moral legitimacy, and practical state-building.

ISBN: 9798264035715

90000

مانیفێست، سەربەخۆیی کوردستان

دەستوور، بەرنامە و پێڕەوی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانی کوردستان